گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ریفراندۆمی گەلان بۆ سەربەخۆیی (باشووری سودان و کەتەلۆنیا وەک نموونە)
## لێکۆڵینەوەیەکی سیاسیی بەراووردکارییە

**پ.ی.د.صباح صبحی حیدر**
بەشی زانستە سیاسییەکان، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
sabahhayder@ymail.com

**شێروان هاشم عادل**
بەشی زانستە سیاسییەکان، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.
Sherwanhashim1@gmail.com

زانیاریەکانی توێژینەوە

بەرواری توێژینەوە:
وەرگرتن: ٢٠٢١/٣/٢٨
پەسەندکردن:٢٠٢١/٥/٢٩
بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢١

*Referendum, Catalonia, South Sudan, Independence, New State.*

پوختە

ئەزموونی باشووری سودان و کەتەلۆنیا دوو نموونەی گرنگن لە بواری توێژینەوەی سیاسی، کەوا هەر یەک لەم ئەزموونانە گوزارشت لە داخوازی خەڵکانێک دەکات لە ناو کۆمەڵگەیەکی جیاواز لە چوارچیوەی یەک دامەزراوەی سیاسی کەوا دەوڵەتە. هەریەک لەم گەلانە هەوڵدەدەن بۆ گوزارشت کردن لە مافی چارەی خۆنووسین لە رێگای ئامرازی ریفراندۆم، کەوا یەکێکە لە ئامرازە دیارەکان بۆ گوزارشت کردن لە ڕای گشتی.

یەکێک لەم ئەزموونانە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ سەرکەوتووبوو، بەڵام ئەزموونی کەتەلۆنیا نەیانهێشت ئامانجی دروستکردنی دەوڵەتێکی نوێ بۆ کەتەلۆنییەکان بەدیبێنێت. کەوا هەوڵی هەر یەک لەم هەرێم و گەلانە دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کەوا رەفتاری سیاسی دەرخەری ئەوەبوو کەوا لەم کۆمەڵگەیانەدا پێکەوە گونجانی کۆمەڵایەتی بوونیان نیە یان

Doi:
10.25212/lfu.qzj.6.3.04

لە ئاستێکی نزمدایە، هەروەها هۆکاری ئابووری و کلتوری و ساسیی کاریگرییان دەبێت وەکو پاڵنەرێکی بنەڕەتی بۆ جیابوونەوە و سەربەخۆیی ئەم گەلانە.
هەر یەک لەم ئەزموونانە کاریگەر بوون بە کۆمەڵێک فاکتەری هەرێمی و نێودەوڵەتی، لەوانە کاریگەری وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی لە سەر پرۆسەی سەربەخۆیی ئەم گەلانە، کەوا لە ئەزموونی باشووری سودان یارمەتیدەربوون و لە ئەزموونی کەتەلۆنیا بوونە رێگر لە بەردەم سەربەخۆیی.

## پێشەکی:

یەكێك لە مافە سەرەتاییەكانی هەر نەتەوەیەك بریتییە لە بڕیاردان لە دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی، بە مانای وەرگرتنی مافی چارەی خۆنووسین، ئەم مافەش لە رێگەی گەڵاڵەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان جەختی لەسەر کراوەتەوە. نەتەوەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا دەیانەوێت خاوەن بڕیاری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری خۆیان بن، واتە بەشێوەیەکی سەربەخۆ و دوور لە هەر دەستێوەردانێکی دەرەکی بڕیار لە چۆنیەتی بەڕیوەبردن و رێکخستنەوەی سیاسی کۆمەڵگەکانیان بکەن. جێی ئاماژەیە، لەمڕۆدا چەندین نەتەوە لە ئاستی جیهاندا بوونیان هەیە، کە خاوەن ئیرادەیەکی سیاسی سەربەخۆ نین، بەهۆی داگیرکاری یان لکاندنیان بە نەتەوەیەکیتر لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیاریکراودا. لەسەر ئەو بنەمایە، دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت، کە بەشێك لە کێشە و پرسەکانی دونیای ئەمڕۆ خۆی دەبینێتەوە لە پرسی ئەو نەتەوانەی کە هەوڵی سەربەخۆی سیاسی یان بە مانایەکیتر تەقەلای دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەدەن. گەلی باشووری سودان و کەتەلۆنیا لەو گەلانە بوون کەوا کاریانکردووە بۆ ئەوەی تاوەکو بگەن بە کیانێکی سەربەخۆ، هەردوو نەتەوە لە کۆتا هەوڵیاندا پەنایان بردە بەر ئامرازی ریفراندۆم وەکو ئامرازێکی ئاشتییان بۆ سەربەخۆیی، کەوا چەندین کاردانەوە و دەرئەنجامی لێکەوتەوە، بە هۆی کاریگەری پێگەی هەردوو ناوچەکە و کاریگەری وڵاتانە هەرێمی و نێودەوڵەتی لە سەر ئەنجامی کۆتایی پرۆسەی سەربەخۆیی ئەم گەلانە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
**بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١**
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: **ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)**

**گرنگی توێژینەوە:**

بە تێگەیشتن لە بارودۆخی هەردوو گەلی کەتەلۆنیا و باشووری سودان و هەوڵەکانیان بۆ سەربەخۆیی، دەکرێت تا ئاستێکی دیاریکراو لەو هۆکارانەی کەوا بۆچی بەشێك لەو گەل و نەتەوانەی کەوا خاوەن خاك و زمان و کلتور و مێژوو و ئابووری خۆیانن، بۆچی نەیانتوانیوە ببنە خاوەن دەوڵەت و کیانێکی سەربەخۆ بۆ ڕوونبکاتەوە، لێرەوە دەکرێت لە هۆکارەکانی گەیشتن بە سەربەخۆیی بەشێك لەو گەلانە بکۆڵینەوە، و بەراووردی بکەین بە دۆخی ئەو گەل و نەتەوانەی کەوا هەمان ئامرازییان گرتۆتە بەر بەڵام نەگەیشتوون بە ئامانج و خواستی خۆیان بۆ سەربەخۆیی.

**پرسیاری توێژینەوە:**

هۆکارەکانی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی باشووری سودان و کەتەلۆنیا بۆ سەربەخۆیی چی بوون؟ ئایا هەڵوێست و کاردانەوە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بەرامبەر ریفراندۆمی سەربەخۆیی باشووری سودان و کەتەلۆنیا چی بوون؟ ئایا ئەگەری سەرکەوتنی ڕیفراندۆمی گەلان بۆ سەربەخۆیی لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا زیاترە؟ ئایا تەنیا ویستی گەلان بۆ سەربەخۆیی وادەکات بە ئامانجی سەربەخۆخوازانەی خۆیان بگەن؟ یان ئەو فاکتەرانە چین کەوادەکەن پرۆسەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی گەلان بە گەیشتن بە سەربەخۆیی و بوون بە خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە کۆتا بێت؟

**گریمانەی توێژینەوە:**

لە بەر ئەوەی پرسی سەربەخۆیی باشووری سودان کۆکە لە گەڵ بەرژەوەندی ووڵاتانی هەرێمی و ووڵاتانی نێودەوڵەتی پاڵپشت بوون بۆ گەلی باشوور، بەڵام دۆخی کەتەلۆنیا تەواو جیاوازە لە باشووری سودان، بە هۆی دژیەکی بەرژەوەندی ووڵاتانی هەرێمی ونێودەوڵەتی لە گەڵ پرسی سەربەخۆیی کەتەلۆنیا. سەرکەوتنی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی هەر نەتەوە و گەلێك زیاتر پەیوەستە بە سیستەمی سیاسی، کولتووری سیاسی، بارودۆخ و ژینگەی ناوخۆی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەڵویستە لایەنە هەرێمی ونێودەوڵەتیەکان لەسەر پرسی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی نەتەوەیی.

### میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بۆ تیشك خستنەسەر ڕەهەندی سیاسی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی باشووری سودان و کەتەلۆنیا پشت بە میتۆدی بەراوردکاری دەبەستێت.ئەم توێژینەوەیە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پشتی بە سەرچاوەی کتێبخانە و ئینتەرنێت بەستووە، لەو چوارچێوەیەدا بۆ شیکردنەوەی بابەتی کاردانەوە ناوخۆیی و دەرەکییەکان زیاتر پشت بە توێژینەوەی ئەکادیمی و سەرچاوەی کتێب بەستراوە. شرۆڤەکردنی زانیاری: ئەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆك دەبەستیت لە چوارچێوەی ئەو تێکستانەی کەوا پەیوەنیدارن بە پرسی ڕیفراندۆم و کاردانەوەکان.

### پەیکەری توێژینەوە:

لە باسی یەکەمدا باس لە پێشینەی مێژوویی باشووری سودان و هۆکارەکان و هەوڵەکانی باشوور بۆ سەربەخۆیی دەکەین، و لە باسی دووەمدا باس لە ڕێککەوتننامەی ئاشتی و ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی و دەرئەنجامەکانی دەکەین. لە باسی سێیەمدا باسی بارەدۆخی مێژوویی کەتەلۆنیا و پەیوەندی پرسەکەیان بە یەکێتی ئەوروپا و هەروەها هۆکارەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی دەکەین ،و لە باسی چوارەمدا باس لە ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم و کاردانەوە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان و بەبەربەستەکانی بەردەم سەربەخۆیی کەتەلۆنیا دەکەین. لە باسی پێنجەمدا بەراووردی هەردوو نموونەکە دەکەین.

### باسی یەکەم-ڕیفراندۆمی باشووری سودان

#### تەوەری یەکەم:پێشینەی مێژوویی

سودان لە سەرەتای یەنایەری ساڵی (١٩٥٦) سەربەخۆیی بەدەستهێنا(عبداالله، ٢٠١٧، ل٢٣٢-٢٣٤).

لە مانگی(٣)ی ساڵی (١٩٥٨) کۆمەڵەی دامەزرێنەر هەڵبژێردرا، ئەو کۆمەڵەیەش بۆ دانانی پڕۆژە دەستورێك دیاریکرا تاوەکو جێگای دەستوری قۆناغی گواستنەوە بگرێتەوە، ئەم کۆمەڵەیە سیستەمی فیدراڵی ڕەتکردەوە کە بە گونجاو دانرابوو بۆ سودان، و جەختییان لە سەر ناسنامەی عەرەبی ئیسلامی و زمانی عەرەبی وەکو زمانی فەرمی کردەوە لە سودان،ئەمەش وایکرد ئەو چەند ئەندامە

کەمەی بۆ باشوورییەکان دانرابوون بکشینەوە لەو کۆمەڵەیە و بۆشایی نێوان هەردوولا زۆرتربوو، بە هەمان شێوە حوکمی سەربازیش پاش کودەتای (١٧) نۆڤەمبەری (١٩٥٨) مافی باشوورییەکانی پشتگوێخست.، دواتر لە شۆڕشی ساڵی (١٩٦٤) حکومەت ناچارکرا دەستوری ساڵی(١٩٥٦) زیندوبکاتەوە، و لە مایۆی ساڵی (١٩٦٩) کودەتایەکی دیکە ئەنجامدرا و دوای دوو هەفتە حکومەت دانی نا بە جیاوازی مێژوویی و کلتوری نێوان باکور و باشوور(عبداالله، ٢٠١٧، ل٢٣٤-٢٣٦).

شەڕی ناوخۆ ڕاوەستا دوای واژوکردنی ڕێککەوتننامەی ئەدیس ئەبابا لە پایتەختی ئەسوپیا، هەروەها ڕێککەوتن لە سەر ئەوەی باشوور حکومی زاتی (خۆبەڕیوبەری) هەبی لە چوارچێوەی دەوڵەتی سودان(محمد،٢٠٠٦،ص١٤٦).لە ماددەی (٨) ی دەستوری ساڵی(١٩٧٣) پرسی حوکمی زاتی لە هەرێمی باشوور جێگیرکرا، ڕێککەوتنی حوکمی زاتی کە لە نێوان حکومەت و بزوتنەوەی باشوور لە ساڵی (١٩٧٢) واژۆکرا(وەیسی، ٢٠١٧، ل٨٥).

دۆخی ئارامی و ئاشتی لە نێوان باکور و باشوور زۆر درێژەی نەخایاند، لە مانگی (٥) ی ساڵی (١٩٨٣) نمیری سەرۆك کۆمار فەرمانی کۆماری دەرکرد بۆ دابەشکردنی باشوور بۆ سێ ناوچە، بە مەبستی ئاسان کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانە، ئەمەش ناڕەزایەتی باشوورییەکانی لێکەوتەوە(عبداالله ،٢٠١٧، ل٢٣٨).

هەر لەو ساڵەدا شەڕی ناوخۆ دەستپێکردوە، کاتێك بەیانی یەکەمی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی سودان بە سەرکردایەتی (عەقید جۆن گارانگ) دەرکرا، ئەم بزوتنەوەیە لە لایەنە باشورییەکان پێکهاتبوو و وەکو ڕزگارکەری هەموو سودان خۆیان دەناساند(البصراتی ، ٢. ینایر ٢٠١٧، **democraticac**. ).

لە ساڵی (١٩٨٥) دەستورێکی دیکە بۆ قۆناغی ڕاگوزەر دانرا و دەستوری ساڵی (١٩٧٣) هەڵوەشایەوە، لە مارسی ساڵی (١٩٨٦) کۆبوونەوەیەك لە نێوان بزووتنەوەی میللی و حزبی ئوممە و حزبی شیوعی لە ئەسیوپیا ئەنجامدرا، و دواتر ڕاگەیندراوێکیان بڵاوکردەوە و جەختیان کردەوە لە سەر کێشەکانە سودان، دواتر لە ساڵی (١٩٨٨) محمد عسمان المیرغنی سەرۆکی حزبی یەکێتی دیموکراتی و جۆن گارانگ لە ئەدیس ئەبابا ڕێککەوتننامەیەکیان مۆرکرد بە ناوی (دەستپێشخەری ئاشتی سودان)، دوای چەندین ساڵ و دەستپێشخەری وولاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی هەردوولا پرۆتۆکۆلی (مشاکۆس)

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یان واژۆکرد لە (٢٠ی یۆلیۆی٢٠٠٢) کە مافی چارەی خۆنووسینی بە باشووری سودان بەخشی بە یەکێتی یان جیابوونەوە(عبداالله،٢٠١٧،ل٢٤٠).

تەوەری دووەم-هەوڵەکانی باشووری سودان بۆ جیابوونەوە

لەم باسەدا باس لە هۆکارەکانی جیابوونەوەی باشووری سودان دەکەین لە دەوڵەتی سودان و باس لە فاکتەری ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی دەکەین لە چوارچێوەی چەند تەوەرێکدا:

**لقی یەکەم-فاکتەری ناوخۆیی**

لێرەدا ئەو هۆکارە ناوخۆییانە کەوا باشوورییەکانی بە ئاڕاستەی سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە دەوڵەتی سودان برد دەخەینە ڕوو:

**١-کێشەی ناسنامە:**

ناسنامەی هەر کۆمەڵگەیەك پێك دێت لە زمان و ئایین و پێکهاتەی ئێتنی ئەو کۆمەڵگەیە، دەکرێت هەر وولاتێك چەند خەڵکانێك لە خۆبگرێت کەوا ناسنامەی جیاوازییان هەبێت، بەهێزی ڕادەی گونجانی نێوان ناسنامە نێوخۆییەکان دەبێتە بنەمایەکی بەهێز بۆ دەوڵەت، بەڵام لە وولاتی سودان جیاوازی و بۆشاییەکی زۆر بوونی هەبوو لە نێوان هەردوو ناسنامەی باشوور و باکور(موسی، ٢٠١٢،ص٣٥) ئەمەش پێشینەیەکی دوورودرێژی هەیە لە مێژوودا کەوا دەگەڕێتەوە بۆ چەندین ساڵ بەر لە درووستبوونی دەوڵەتی سودان و سەردەمی ئیستعماری بەریتانی لە ساڵی (١٨٩٩) تاوەکو درووستبوونی دەوڵەتی سودان، ئیستعماری بەریتانی کاری لە سەر ئەوە کرد جیاوازییەکانی نێوان باشوور و باکور زۆرتربن، ئەویش بە گرنگیدان بە ناسنامەی باشووری ئەفریقی مەسیحی بەرامبەر بە باکوری عەرەبی موسوڵمان(فلیفل،٢٠٠٦، ل١٦).

**٢-فاکتەری ئایینی:**

سەرچاوەی ململانێی ئایینی لە سودان دەگەڕێتەوە بۆ هاتنی سەردەمی ئیستعماری بەریتانی، ئەویش بە هێنانە کایەی دۆخیکی ئایینی نوێ لە ڕێگای کۆمەککردنی کۆمەڵە تەبشیرییە مەسیحییەکان لە باشوور، کە ئەمە بووە سەرەتای دروستکردنی قۆناغێکی دوورودرێژ لە ناکۆکی ئایینی لە نێوان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باشووری مەسیحی و باکووری ئیسلامی، لێرەوە دەبێنین ناکۆکیکە ئاینییەکان بوونە هۆکاری ناسەقامگیری سیاسی و ململانێی نێوان هەردوولا، ئەو ناکۆکیانەش ڕەنگی دایەوە لەوەی کەوا زۆرینەی موسڵمان لە سودان دەیانویست حوکمی شەریعەتی ئیسلامی لە سەر هەمووان جێبەجێبکەن، بەڵام هەرچی هەڵگرانی ئایینی مەسیحی و کلتوری ئیستعمار و ئایینەکانی دیکە ئەوەیان ڕەتدەکردەوە(قیلی، ٢٠٠٦،ل١٥٦.) فاکتەری ئایینی هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ کێشەی باشووری سودان و ململانێی ێوان باشوور و باکور، یەکێك لە هۆکارەکانی قۆناغی دووەمی شەڕی ناوخۆی سودان لە ساڵی )١٩٨٣) دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەری ئایینی(موسی، ٢٠١٢ ،ل٧١-٧٢).

**٣-پێکەوە نەگونجانی کۆمەڵایەتی:**

شەڕی ناوخۆ هەر لە سەرەتای درووستبوونی دەوڵەتی سودان، وایکرد گەلی باشوور و باکور نەتوانن تێکەڵی یەکتربن و بە شێوەیەکی ئاشتییانە پێکەوە بژین، هیچ کات ژینگەیەکی وا لە سودان درووستنەبوو پێکهاتە جیاوازەکان لە ڕووی زمان و ئایین و ئیتنیك یەکتر قبوڵ بکەن، بە تایبەت ئەو جیاوازییە زۆرەی کەوا لە نێوان باشوور و باکور درووستبوو، هەموو ئەو هۆکارانە و نەبوونی دەسەڵاتێکی ناوەندی و نوخبەیەکی سیاسی بەهێز وایانکرد هەرگیز پێکەوە گونجانی کۆمەڵایەتی دروست نەبێت لە نێوان خەڵکی باشوور و باکور. بوونی جیاوازییەکان و نەگونجانی کۆمەڵایەتی و هەستکردنی باشوورییەکان بەوەی کەوا مافەکانیان پێشیل دەکری وەکو پێکهاتەی ئایینی و ئیتنیکی جیاوازو پشتگوێخراون، بووە هۆکارێك تاوەکو باشوورییەکان هەوڵی بەردەوام بدەن بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە دەوڵەتی سودان(موسی، ٢٠١٢،ل٧٤-٧٦).

**٤-فاکتەری ئابووری:**

چەندین ساڵ شەڕی ناوخۆ بەردەوامبوو لە نێوان باشوور و باکور لە ئەنجامی قبۆڵنەکردن و دانەنان بە ماف و شایستەی دارایی و ئابووری باشوور لە لایەن باکورەوە (مسعودی، 13. فبراير **democraticac**،2018).ناوچەی باشووری سودان کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و پیشەسازی بچووکی تێدا دەکرێت و سەرچاوەی کانزای بە نرخی وەکو زێڕە، بەڵام پاش دۆزینەوەی نەوت لە ساڵی (١٩٧٨) کێشە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
**بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١**
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: **ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)**

کەوتە نێوان حکومەتی ناوەندی و باشوور و کۆمپانیای شیفرۆن(صالح، ٢٠١٢،ص١٨) ، لێرەوە ململانێیەکی توند کەوتە نێوان باشوور و باکور، چونکە باکور ئیدارەی نەوتی دەدا کەوا زۆربەی داهاتی وولاتی پێك دەهێنا، و سەرچاوەکەشی زۆربەی لە باشوور بوو، بە سەربەخۆبوونی باشوور باکور تووشی کێشەی دارایی دەهات، لە بەرامبەردا باشوور ئەو سەروەتە لە خاکەکەیدا هەبوو دەیویست سوودی لێوەربگری ، چونکە حکومەتی ناوەندی چەندین ساڵ بەرهەمەکەی دەفرۆشت و مافی هەرێمی باشووری وەکو پێویست لێنەدەدا(موسی، ٢٠١٢، ل٧٨-٧٩). هەروەها جیاوازیکردن و نەبوونی هاوسەنگی لە پرۆژەکانی حکومەت لە نێوان ناوچەکان و فەرامۆشکردنی ناوچەکانی باشوور وایکرد جیاوازییەکی زۆر بنێرێت لە نێوان باشوور و باکور، هەموو ئەو هۆکارانە و ململانێی سەرەکی لە سەر نەوت هۆکار بوون بۆ ناکۆکی و کێشەی درێژخایەنی نێوان باشوور و باکور، بۆیە دەکرێت فاکتەری ئابووری وەکو فاکتەرێکی سەرەکی چاولێبکرێت کەوا بوو بە هۆکارێك باشوورییەکان بیر لە سەربەخۆیی بکەنەوە و هەوڵی بۆ بدەن(قیلی، ٢٠٠٦ ،ل١٦٢).

**٥-نەبوونی دیموکراسی:**

پەنابردنی حکومەتەکانی خەرتووم بەدرێژایی چەندین ساڵ بۆ رێگەچارەی سەربازی و هەوڵی سەرکووتکردنی هەموو دەنگ و رەنگە جیاوازەکان و کارکردن بە عەقلیەتی سەربازی، وایکرد کێشەکە قووڵتربکاتەوە(ئەحمەد، 2015، **govarikoch**) ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەر لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی سودانەوە هیچ دەسەلاتێکی مەدەنی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبێنیوە، سەردەمی فەریق عەبود لە ساڵی(١٩٥٨-١٩٦٤) و سەردەمی فەریق نەمیری لە ساڵی (١٩٦٩-١٩٨٥) و سەردەمی بەشیر لە ساڵی (١٩٨٩-٢٠١٩).لاوازی حکومەتی سودان و سیستەمە سیاسییەکەی لە دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاو و بڵاوکردنەوەی کلتوری دیموکراسی و یەکتر قبوڵکردن بۆ پێکەوە ژیانی پێکهاتە جیاوازەکان. لە دەرئەنجامی نەبوونی دۆخێك لە سودان کەوا هەموو پێکهاتەکان وەکو یەك رەچاوبکرێن، ئەوەش بووە پاڵنەرێك بۆ جیابوونەوەی باشووری سودان(موسی،٢٠١٢،ص**٨١-٨٢.(**

**لقی دووەم-فاکتەری هەرێمی و نێودەوڵەتی**

لەم تەوەرەدا کاریگەری هەردوو فاکتەری هەرێمی و نێودەوڵەتی دەخەینە ڕوو لە پرۆسەی جیابوونەوەی باشووری سودان:

أ-فاکتەری هەرێمی

لێرەدا گرنگترین ئەو وڵاتە هەرێمیانە دەخەینە ڕوو کەوا لە کێشەی باشوورر سوداندا ڕۆڵیان هەبووە:

**١-ئەسیوپیا:**

ئەسیوپیا وەکو دەوڵەتێکی هەرێمی سودان بە بەهێزترین ڕکابەری خۆی دادەنێت، ئەمەش وایکردووە هەمیشە هەوڵبدات هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی سودان دروستبکات، یەکێك لەو ڕێگایانەی کە ئەسیوپیا بە کاریدەهێنا دژی سودان بریتیبوو لە پاڵپشتی کردنی هێزە چەکدارەکانی باشوور تا لە ڕێگایەوە بتوانێت باڵادەست بێت بە سەر ناوچە ئاوییەکانی باشوور(الحباشنه، ٢٠١٣، ل١٩).

ئەسیوپیا لە ڕووی ماددی و سیاسی و سەربازی پاڵپشتی جیابوونەی باشووری سودانی دەکرد، لە ساڵی (١٩٨٧) سنوری نێوان باشووری سودان و ئەسیوپیا کرایەوە، یارمەتییەکانی ئەسوپیا بۆ باشووری سودان لە ساڵی (١٩٩١) ڕاوەستا، دوای لە کارکەوتنی دەسەڵاتی سەرۆکی پێشوو(مەنگستۆ)، پاشان لە ساڵی (١٩٩٣) یارمەتی و پاڵپشتی ئوسیوپیا بۆ باشوور دەستپێکردەوە، وەکو ڕاهێنان و پێدان چەك و جل و بەرگی سەربازی و پێداویستی دیکە. لە دەرئەنجامی ئەوەی باسمان کرد ئەسیوپیا وەکو وولاتێکی هەرێمی ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە پاڵپشتیکردنی باشووری سودان بۆ جیابوونەوە، ئەوەش بە هۆی ئەوەی دەروازەیەکی ئابووری نوێ بە ڕوویدا دەکرایەوە و هەروەها لە ڕووی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی ووزە(حمادی، ٢٠١٦، ل٣٦٦-٣٦٧).

**٢-ئۆغەندا:**

سەبارەت بە ڕۆڵ و هەڵویستی ئۆغەندا یەکێك بوو لەو ووڵاتە ئەفریقیانەی کەوا جەختی دەکردەوە لە سەر جیابوونەوەی باشووری سودان، هەروەها لە بۆنە و دانیشتنە نێودەوڵەتێەکانیش پشتگیری لە جیابوونەوەی باشووری سودان دەکرد، واژۆی لە سەر ڕێککەوتننامەی ئاشتی لە ساڵی (٢٠٠٥) کرد،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هۆکاری پاڵپشتیکردنی ئۆغەندا بۆ جیابوونەوەی باشوور بریتیی بوو لە بابەتی نەوتی کامبالا لە باشووری سودان، هەروەها زیادکردنی هەناردەکردنی ئۆغەندا بۆ دەرەوە، هەروەها لە بواری پترۆل پاڵاوگە دروستبکات بۆ پاڵاوتنی نەوتی خاوی باشوور، هەروەها لە گەڵ کینیا پرۆژەیان هەبوو بۆ گواستنەوەی نەوتی باشوور، هەموو ئەمانە هۆکاربوون بە درێژایی چەندین ساڵ ئۆغەندا پاڵپشتی لە باشوور بکات بۆ جیابوونەوە(حمادی، ٢٠١٦، ل٣٦٧).

**٣-کینیا:**

کینیا یەکێك بوو لەو وڵاتە هەرێمیانەی کەوا پاڵپشتی هێزەکانی باشووری دەکرد بۆ جیابوونەوە دژی حکومەتی خەرتوم (الحباشنه، ٢٠١٣ ،ص١٩)، هەروەها هەر لە دوای دروستبونی دەوڵەتی سودان و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لەو وڵاتە کینیا بووە پەناگەیەك و پاڵپشتیەکی باش بۆ کۆچبەرانی باشوور و یارمەتیدانی چەکدارانی باشوور و بەرامبەر بە حکومەتی سودان(صالح، ٢٠١٢،ل٣٢).

پەیوەندی کینیا و باشووری سودان پەیوەندییەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و شارستانییە، زمان و کولتوری هاوبەشیان هەیە، هەروەها بەشێك لە دانیشتوانی باشوور کینین، و نیرۆبی پایتەختی کینیا بووە بارەگای شۆڕش بۆ هێزەکانی باشوور، لە گەڵ ئەوەشدا بەرژەوەندی بەهێزی نێودەوڵەتی هەبو لە پەیوەندی نێوان کینیا و باشووری سودان ئەویش پەیوەندی ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە بە کینیا لە شەڕی ڕووبەڕوبونەوەی تیرۆر،کینیا دەستنیشانکرا بۆ ئەوەی بنکەی سەربازی ئەمریکی (ئەفریکوم) ی لێ دابنرێت لە قارەی ئەفریقیا، هەروەها کینیا باشووری سودانی وەکو بازاڕێکی گرنگ بۆ خۆی دەبینی لە ناوچەکە،هەروەها دروستکردنی بەندەرێکی ئاوی لە ناوچەی لامۆ وەکو هاوبەرامبەری بورت ی سودان، بۆیە کینیا پاڵپشتی جیابوونەوەی باشووری سودانی دەکرد، چونکە ئامانجی جیوپۆلیتیکی تایبەتی هەبوو و ئەوە دەرفەتی زێڕینی پیدەدا بۆ گەورەکردنی بازرگانی بە ئاڕاستەی ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئەفریقیا(حمادی، ٢٠١٦ ،ل٣٦٥-٣٦٦).

**٤-میسر:**

هەڵویستی مێژوویی دەوڵەتی میسر سەبارەت بە کێشەی باشووری سودان ئەوەبووە کەوا هەمیشە لە گەڵ یەکگرتوویی سودان بووە و پێوابووە باشوور پێویستە وەکو بەشێك لە سودان بمێنێتەوە، بەڵام لە دوای جیابوونەوە باشووری سودان و بوون بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، میسر بە هۆی بەرژەوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی هەوڵی بنیادانانی پەیوەندییەکی باشی لە گەڵ ئەو دەوڵەتە نوێیەدا(باشا، ٢٠١١،ل١٣٥).

لە دوای درووستبوونی دەوڵەتی باشووری سودان میسر کونسوڵگەری خۆی لە جوبا کردەوە و بەشداری کرد لە پرۆژەی بنیادنانی ژێرخانی باشووری سودان، و پەیوەندی تایبەتی دروستکرد بەو پێیەی باشووری سودان ووڵاتێکی سەر ڕووباری نیلە، کە لەم بابەتە هاوبەشی هەیە لە گەڵ میسر و بابەتی ئاو پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەیی میسر هەیە، تاوەکو بتوانن لە سەر بابەتی گلدانەوەی ئاو و دروستکردنی بەنداو ڕێکبکەون، هەروەها مسر دەیویست سود لە باشوور ببینیت لە ڕێگەی هەناردەکردنی دەستی کاری میسری بۆ باشوور، چونکە لە باشوور پانتاییەکی زەوی زۆری کشتوکاڵیان هەیە و ژمارەی دانیشتوانیان کەمە و ئەزموونی کشتوکاڵ کردنی خەڵکی میسر لە خەڵکی باشوور زیاترە، لەو ڕێگایەوە میسر دەیویست بێکاری لە ووڵاتی خۆی کەمبکاتەوە، هەموو ئەو بەرژەوەندییانە وایکرد سەرەڕای هەڵوێستی مێژوویی میسر بۆ یەکپارچەیی خاکی سودان، بەڵام دوای جیابوونەوەی باشووری سودان و هەر لە کاتی ڕێککەوتنی ئاشتی هەولێدا پەیوەندی دۆستانە لە گەڵ باشوور ببەستیت(حمادی، ٢٠١٦ ،ل٣٦٧-٣٦٨**).**

**ب- فاکتەری نێودەوڵەتی**

لێرەدا باس لە ڕۆڵی چوار لایەنی نێودەوڵەتی دەکەین لە جیابوونەوە باشووری سودان:

**١-ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:**

باشووری سودان گرنگیەکی تایبەتی هەیە سەبارەت بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕووی ئابووری بە تایبەت بواری نەوت و کانزاکان، تاوەکو کۆمپانیاکانی ئەمریکا بتوانن وەبەرهێنان بکەن لە کەرتی نەوت و کانزاکان لە باشووری سودان، هەروەها لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر باشووری سودان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بنەکەیەکی گرنگە بۆ ئەمریکا بۆ ڕووبەڕوبوونەوەی تیرۆر و بزوتنەوە توندڕەوە ئیسلامیەکانی ئەفریقیا(حمادی، ٢٠١٦ ،ل٣٦٨).

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە جیابوونەوەی باشووری سودان و ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی، ئەمریکا پێداگربوو لەوەی پرۆسەی جیابوونەوەی باشوور بەو شێوەی کەوا لە رێککەوتننامەی ئاشتی لە سەری رێککەوتبون هەردوولا، هەر لە بەر ئەوە بوو ئیدارەی ئۆباما بە شێوەیەکی گەورە کاری دەکرد بۆ ئەو بابەتە، ئەمریکا بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا هەڕەشەی لە سودان کرد لە رێگەی سیناتۆر (جۆن کێری) سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە کۆنگریسی ئەمریکا ئەگەر هاتوو سودان کێشە بۆ ریفراندۆمی باشوور دروستبکات و ببیتە رێگر لە بەردەم ئەنجامدانی پرۆسەکە(محی الدین، ص١٩) .هەروەها لە پێشتریش ئەمریکا هاوکاری سیاسی و سەربازی و دارایی هێزەکانی باشووری دەکرد، هەروەها پاڵپشتی لە بانگەشەی حکومەتی علمانی لە لایەن باشوورییەکان دژی حوکمی ئیسلامی باکورییەکان دەکرد، هەروەها پاش پێنج مانگ لە جیابوونەوەی باشوور ئۆباما چەك و پێداویستی سەربازی ڕەوانەی باشووری سودان کرد(حمادی، ٢٠١٦، ل٣٦٨) ، ئەمەش بێگومان لە پێناو بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا کە خۆی دەبینێتەوە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی بیرە نەوتی نوێ لە باشووری سودان و وەبەرهێنان لە کەرتی نەوتی باشوور و زاڵبوون بە سەر ئەو هێزە جیهانیانەی لەو ناوچەیە رکابەری ئەمریکا بوون ، وەکو کۆمپانیاکانی صین و هند و مالیزیا.هەروەها ئەمریکا دەیویست لە رۆژئاوای ئەفریقیا باڵادەستی و نفوزی خۆی بپارێزی بەرامبەر بە فەرەنسا، بو پێیەی ئەو ناوچەیە ناوچەیەکی ستراتیژی و جێگا نفوزی ئەمریکایە(محی الدین، ل٢٧-٣٠).

**٢- ئیسرائیل:**

ئیسرائیل یەکێك بوو لەو وولاتانەی لە هەموو قۆناغە جیاوازەکان لە سەرەتای درووستبوونی کێشەی باشووری سودان هاوکاری و پاڵپشتی باشووری کردووە، لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو پاش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، هاوکاری مرۆیی لە خواردن و پێداویستی پزیشکی ڕەوانە کرد بۆ باشوورییەکان کە ئاوارەی ئەسیوپیا بوون، هەروەها هەواڵگری ئیسرائیل لە رێگەی ئۆغەنداوە هەوڵی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دا پەیوەندی لە گەڵ سەركردەكانی باشوور ببەستێت، دواتر لە شەستەكان هەڵسا بە ڕاهێنانی سەربازی و پێدانی چەك و كەل و پەلی سەربازی بە هێزەكانی باشوور لە خاكی ئۆغەندا، هەتا وایلێهات لە كۆتایی شەستەكان و سەرەتای حەفتاكان بە كانتۆنی گەورە چەكی ڕەوانەی باشوورییەكان كرد.دواتر لە سەردەمی (جۆن گرانگ) سەردانی تەل ئەبیب كرد لە هەشتاكان و دواتریش لە نەوەتەكان چەكی قورسی بۆ هێزەكانی باشوور دابین كرد(مركز الكاشف للمتابعه و الدراسات الاستراتيجيه،مايس-٢٠١١ ،ل٧-٩).

بوونی ڕاستەوخۆی لە كێشەی باشوور چەندین هۆكاری هەیە لەوانە، ئیسرائیل ترسی هەبوو لە بڵاوەكردنی هێزە ئیسلامیەكانی باكوور بە ئاڕاستەی باشوور(الخگيب و الشب ،٢٠١٢، ل٣٩٢) ، و هێزی سیاسی ئابووری خۆی لە گەڵ وڵاتانی ناوچەی ئاویی نیل بە مەبستی چارەسەركردنی كێشەی ئاوی خۆی، هەروەها بەهێزكردنی نفوزی خۆی لە ناوچەكە، و یەكێكی دیكە لە ئامانجەكانی ئیسرائیل بریتیە لەوە لە داهاتوو بتوانیت گوشار لە سەر میسر و سودان دروست بكات لە ڕێگەی دروستكردن بەنداوە نوێ لە سەر نیل(حمادي، ٢٠١٦، ،ل٣٦٧).

**٣- ئەوروپا:**

باشووری سودان گرنگی ئابووری و سترتیژی هەبوو بۆ وولاتانی ئەوروپا، و وڵاتانی ئەوروپا زۆر پێداگربوون لە سەر دۆزینەوەی كانزا و سەرچاوەی سروشتییەكان بە تایبەت نەوت، هەروەها لە بواری بازرگانی سودان و وڵاتانی ئەوروپا پەیوەندییان هەیە، بۆیە وڵانتانی ئەوروپا لە ڕێككەوتنی ئەدیس ئەبابا لە ساڵی(١٩٧٢) ڕۆڵێكی گرنگیان بینی لە ڕێگە ڕێكخراوەكانی كەنیسە كەوا دەگەڕێنەوە بۆ سوید و دانیمارك و نەرویج و بەریتانیا و سویسرا(لخشين، ٢٠١٤، ل٤١) ، بەڵام دوای گۆڕانكارییەكان لە سیستەمی سیاسی سودان لە ساڵی (١٩٨٩) پەیوەندییەكانیان پچڕا بە هۆی ئەوەی كەوا سیستەمی نوێ لە سودان سیستەمێكی نادیموكراتیە و مافەكانی مرۆڤ پێشیل دەكات، پاشان لە ساڵی (١٩٩٩) جارێكی دیكی پەیوەندییەكانییان دەستپێكردەوە لە ڕێگای پێشنیاری ژیانی ئاشتیانە و دیموكراتی و جیاكردنەوەی ئایین لە دەسیەڵاتی سیاسی. بە شێوەیەكی گشتی سیاسەتی ئەوروپی كاریگەری لە سەر دۆخی باشووری سودان هەبوو، لە سەر ئەو بنەمایەی كەوا وڵاتانی ئەوروپی خاوەن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرژەوەندی سیاسی و ئابوورین لەو ناوچەیە و چارەسەرکردنی کیشەی باشوور لە دیدی ئەواندا گرنگی ستراتیژی و هەیە و دەبێت بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە چارەسەر بکرێت (الحباشنه، ٢٠١٣، ل١٨).

**٤-چین:**

کۆی گشتی نەوتی سودان کە (٥٠٠٠٠٠) بەرمیلی رۆژانەیە ، کە لە (٦٤%) ئەو رێژەیە هەناردەی چین دەکات، هاوردەکردنی نەوتی سودان لە لایەن چین دەگەرێتەوە بۆ ساڵی (١٩٩٥)، کاتێك کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی چین(CNPC) نەوتی دۆزیەوە لە خاکی سودان، ئەم کۆمپانیایە گەورەترین وەبەرهێنی کەرتی نەوتی سودانە، کەوا خاوەنی (٤٠%) پشکی کۆمپانیای (بترول النیل الاعقم السودانیه)، هەروەها ژمارەی ئەو کرێکارە چینیانەی لە سودان کارییان دەکرد لە ساڵی (٢٠٠٥) گەیشتە دە هەزار کرێکار(حسن،بدون سنه، ل٢٦٤-٢٦٥).

صین لە سیاسەت و ستراتیژی خۆی بەرامبەر بە کێشەی باشووری سودان هێزی نەرمی بەکارهێناو رێزی لە سەروەری خاك و یەك پارچەیی سودان گرت، هەروەها چین هەولی دەدا بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆی بپارێزی و لە گەڵ هەردوو لایەنی باکوور و باشووریش وەکو بەشیك لە دەوڵەتی سودان مامەڵە بکات، چونکە چین خاوەن گەورەترین وەبەرهێنان بوو لە کرتی نەوتی سودان و بەشیکی زۆر لە نەوتی سودانی هەناردە دەکرد، لە گەڵ ئەوەی لە رووی دیبلۆماسی چین پشتگیری حکومەتی خەرتوم دەکرد، بەڵام ئامادە بوو پاش جیابوونەوەی باشوور کۆنسوڵگەری خۆی بکاتەوە پەیوەندی لە گەڵ باشووری سودان ببەستێت، بەڵام باشووری سودان زۆر دڵنیا نەبوو لە پەیوەندی لە گەڵ چین بە هۆی پاڵپشتی دیبلۆماسی لە حکومەتی سودان لە رابردوو)حمادی،٢٠١٦،ل٣٦٩).

**باسی دووەم-رێککەوتننامەی ئاشتی و ئەنجامدانی ریفراندۆم**

**تەوەری یەکەم-رێککەوتننامەی ئاشتی**

رێککەوتننامەی ئاشتی لە (٩ی کانونی دووەم) ی ساڵی (٢٠٠٥) لە نیرۆبی پایتەختەتی کینیا واژۆکرا لە ژێر ناوی رێککەوتننامەی (نیفاشا)، ئەم رێککەوتنە بە گشتی دەرئەنجامی گفتوگۆ و دانوستانی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چەندین ساڵەی نێوان باشوور و باکور بوو ، بە تایبەتی دەرئەنجامی زنجیرە دانوستانێك بوو كەوا لە نێوان ساڵانی(٢٠٠٢-٢٠٠٥)ئەنجامدرابوو،كە بریتیین لەم شەش پرۆتۆكۆل و دوو هاوپێچەی خوارەوە:

**١-پرۆتۆكۆلی مشاكۆس:**

ئەم رێككەوتنە لە (٢٠) تەموزی ساڵی(٢٠٠٢) لە نێوان حكومەتی سودان و بزوتنەوەی میللی بە سەركردایەتی جۆن گارانگ لە نیرۆبی كینیا ئەنجامدرا, لە لە بەشی ١-٣دا هاتووە كەوا گەلی باشووری سودان مافی چارەی خۆنووسین یان لە رێگای رێفراندۆم كە داهاتوویان دیاریبكات، و لە بەشی ٢-٤دا هاتووە كۆمسیۆنێكی سەربەخۆ درووستبكەن  پێش ماوەی راگوزەری تاوەكۆ چاودێری جێبەجێكردنی رێككەوتننامەی ئاشتی بكات و هەروەها كۆمسیۆنێك دروستبكرێت كەوا دوو نوێنەری حكومەت و دوو نوێنەری بزووتنەوەی میللی لە گەڵ نوێنەری وولآتان بۆ گەشەپێدانی دامەزراوە و سیتەم و سێكتەرە جۆراوجۆرەكان لە سودان.

لە بەشی ٢-٥دا هاتووە لە كۆتایی ماوەی راگوزەری دوای شەش ساڵ رێفراندۆم ئەنجامدەدرێت بۆ گەلی باشووری سودان لە لایەن حكومەت و بزووتنەوەی میللی بە چاودێری نێودەوڵەتی تاوەكو بریار لە سەر یەكێتی خاكی سودان یان جیابوونەوەیان بدەن بە پێی رێككەوتننامەی ئاشتی. لە بەشی ٣-١-٢دا هاتووە كۆمسیۆنێك دروستبكرێت بۆ ئامادەكردنی دەستورێك بۆ قۆناغی راگوزەری كەوا زامنی ئەوە بكات لە ناو دەستورەكەدا رێككەوتننامەی ئاشتی بێتە جێبەجێكردن.

لە بەشی ٦-٢دا هاتووە ئازادی بیروباوەڕ و پەرستش بۆ هەموو ئایین و باوەڕ و نەریتیك رێپێدراوە ، واتا هیچ ئایین و بیروباوەڕێك لە سەر جیاوازییەكانیان رووبەڕووی توندوتیژی نابنەوە. هەروەها لە بەشی ٣-٢-٣دا هاتووە كەوا یاساكان لە ویلایەتەكانی باشوور لە سەر بنەمای رێككەوتنی گەلانی باشوور دەبێت، واتا ئەو یاسایانەی لە سەر بنەمای شەریعەتی ئیسلامی دانراون لە ناوچەكانی باشوور جێبەجێناكرێن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢- پرۆتۆکۆلی دابەشکردنی دەسەڵات:**

ئەم پرۆتۆکۆلە لە ژێر ناوی (دابەشکردنی دەسەڵات) لە لە نیفاشای کینیا لە (٢٦)ی مانگی پێنج ی ساڵی (٢٠٠٥) واژۆکرا، لە دیباجەکەیدا جەختیان لە پێویستی ئاشتی بۆ سودان و جێبەجێکردنی رێککەوتننامەی ئاشتی دروستکردنی دەسەڵاتێکی باش بۆ سودان کردەوە.

**٣- پرۆتۆکۆلی دابەشکردنی سامان:**

ئەم پرۆتۆکۆلە لە ژێر ناوی (دابەشکردنی سامان) لە نیفاشای کینیا لە (٧)ی مانگی یەك ی ساڵی (٢٠٠٥) واژۆکرا، کە لە خاڵی ١ جەخت لە سەر دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامانی گشتی  دەکات.

**٤-پرۆتۆکۆلی یەکلاکردنەوەی کێشەی ئەبیێ:**

ئەم پرۆتۆکۆلە تایبەت بوو بە یەکلاکردنەوەی کێشەی ئەبیێ کەوا لە (٢٦) ی مانگی پێنج لە نیفاشای کینیا واژۆکرا، لە خاڵی ١-١ دا هاتووە ئەبیێ پردی نێوان باکور و باشوورە و لە خاڵی ١-٢-١دا هاتووە کەوا دانیشتوانی ئەبیێ پێك دێت لە خەڵکی رۆژئاوای کردەفان و بحر الغزال، و دابەشکردنی داهاتە پترۆلییەکان لە ئەبیێ بەم شێوەیە لە سەری رێککەوتن بە پێی خاڵی ١-٢-٣ کەوا (لە ٥٠% بۆ حکومەتی نیشتمانی ، حکومەتی باشوور لە٤٢%، بحر الغزال ٢%، غرب کردفان ٢%، هۆزی دینکا نگوك٢% و هۆزی المسیریە٢%)، هەروەها ئەم ریککەوتنە لە ژێر چاودێری نێودەوڵەتی دەبێت بۆ جێبەجێکردن.

**٥-پرۆتۆکۆلی یەکلاکردنەوەی کێشەی باشووری کردەفان و نیلی شین:**

لە نیفاشای کینیا لە (٢٦) ی مانگی پێنج واژۆکرا، ئەو ناوچانانە هەوڵ دەدرا بخرێنە چوارچیوەی حوکمی لامەرکەزی، و ئەم پرۆتۆکۆلە هەوڵێك بوو بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە نێوان باشوور و باکور.

**٦-پرۆتۆکۆلی ریوشوێنی ئەمنی(الترتیبات الامنیە):**

ئەم پرتۆکۆلە لە نیفاشای کینیا لە (٢٥) ی سێپتەمبەری ساڵی (٢٠٠٣) واژۆکرا،لە خاڵی ١باس لەوە دەکات هیزی سەربازی سودان بە شێوەیەکی یەکسان پێك دیت لە هیزەکانی حکومەتی سودان و هێزەکانی

بزوتنەوەی میللی رزگاریخوازی سودان، و لە خاڵی ٢جەخت کرایەوە لە سەر ڕاگرتنی شەڕ لە ژێر چاودێری نێودەوڵەتی، لە خاڵەکانی ٣-٨ جەخت لەسەر چەند پرسی دیکەی ئەمنی و سەربازی تایبەت بە بارەدۆخیووڵات کردۆتەوە.

*هاوپێچی یەکەم و هاوپێچی دووەم:لە نیفاشای کینیا لە (٣١) ی دیسەمبەری ساڵی (٢٠٠٤) واژۆکرا، کە تایبەت بوو بە ئامرازەکانی جێبەجیکردنی پرۆتۆکۆلەکانی دیکە وەکو بابەتی ڕاگرتنی شەڕ بە شێوەیەکی هەمیشەیی و ڕێوشوێنە ئەمنێیەکان

**تەوەری دووەم- بنەمای دەستووری و ئەنجامدانی ریفراندۆم**

*دەستووری سودان (٢٠٠٥)

دەستووری ساڵی (٢٠٠٥) ی سودان لە دەرئەنجامی ڕێککەوتننامەی ئاشتی گشتگیری نێوان حکومەتی سودان و باشووری سودان هاتەبوون، کە بووە هۆی ڕاگرتنی شەڕی درێژخایەنی چەند ساڵەی ناوخۆ، شەڕی ناوخۆ بووە هۆی گیان لە دەستدانی زیاتر لە یەك ملیۆن هاووڵاتی و نزیکەی چوار ملیۆن هاووڵاتیش ئاوارە بوون بە هۆی ئەو شەڕەوە .

دەستووری کۆماری سودانی فیدراڵ بۆ قۆناغی راگوزەری ساڵی (٢٠٠٥)، لە دەروازەی (١٦) دا بە ناونیشانی مافی چارەنووسی باشووری سودان هاتووە، لە مادده(٢١٩)دا هاونیشتمانیانی باشووری سودان مافی بڕیاردانی چارەنووسیان هەیە لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە بۆ دیاریکردنی داهاتووی خۆیان.

لە مادده(٢٢٠) لە خاڵی (١)دا هاتووە کەوا دامەزراوەی یاسادانانی نیشتمانی (پەرلەمان) یاسای ڕیفراندۆمی باشووری سودان دادەنێت لە سەرەتای ساڵی سێیەمی ماوەی ڕاگوزەری، و هەر لە ماددەی(٢٢٠) لە خاڵی (٢)دا هاتووە سەرۆکایەتی کۆمار لە گەڵ دەرچوونی یاسای ڕیفراندۆمی باشووری سودان، کۆمسیۆنی ڕیفراندۆمی باشووری سودان دادەمەزرێنی.

لە مادده(٢٢٢) لە خاڵی (١)دا هاتووە سەبارەت بە ڕیفراندۆم بۆ دیاریکردنی چارەنووسی باشووری سودان، پێش شەش مانگ لە ماوەی ڕاگوزەری ڕیفراندۆم ئەنجام بدرێت، بە چاودێری نیودەوڵەتی و لە لایەن کۆمسیۆنی باشووری سودان ئەنجام دەدرێت بە هاوکاری حکومەتی نیشتمانی و حکومەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باشووری سودان. هەر لە مادده(٢٢٢) خاڵی (٢)دا هاتووە هاونیشتمانیانی باشووری سودان دەنگ لە سەر یەکێك لەم دوو بژاردەیەی خوارەوە دەدەن:

أ- جەختکردنەوە لە سەر یەکێتی سودان بە دەنگدان بە بەردەوامبوونی سیستەمی حوکم کەوا ڕێککەوتننامەی ئاشتی گشتگیر و دەستور چەسپاندویەتی.

**ب- بژاردەی جیابوونەوە.**

ریفراندۆمی گەلان بۆ بڕیاردان لە سەر مافی چارەی خۆنووسین دەکرێت تاك لایەنە یان لە سەر بنەمای ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی یان بنەمای دەستوری ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەوەی لە باشووری سودان ئەنجامدرا سەرەتا ڕێککەوتننامەیەکی گشتگیر بە چاودێری نێودەوڵەتی و دواتر کرایە بنەمای دەستووری، ئەمەش وایکرد زامنی سەرکەوتنی پرۆسەی ڕیفراندۆمی باشوور و خواستی لە مێژینەی ئەو گەلە بکات، بێگومان ئەمە تەنیا فاکتەری سەرکەوتنی سەربەخۆیی باشووری سودان نەبوو، چونکە فاکتەری هەرێمی و نێودەوڵەتی زۆر یارمەتیدەربوون بۆ سەربەخۆیی باشوور بەڵام بنەمای دەستوریش کەوا بەرهەمی ڕێککەوتننامەی ئاشتی و لە ژێر چاودێری نێودەوڵەتی زۆر کارئاسانی کرد بۆ پرۆسەی جیابوونەوەی باشووری سودان.

*ڕیفراندۆمی سێپتەمبەری (٢٠١١):

لە مانگی دیسەمبەری ساڵی (٢٠٠٩) پەرلەمانی سودان یاسایەکی دەرکرد بۆ ڕێکخستی ڕیفراندۆم، ئەو یاسایە لە هەشت تەوەر پێکهاتبوو، کە تیێدا باس لە کات و مەرجەکان و ڕێوشوینە تەکنیکی و ئەمنییەکان کرابوو. بە پێی داتاکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی سودان (٣,٩٤٧,٦٧٦) دەنگدەر ناوێیان بۆ دەنگدان لە ڕیفراندۆم تۆمارکردبوو، لەو ڕێژەیە دەبوو (٦٠%) بەشداریبکەن تاوەکو پرۆسەکە بە سەرکەوتوو هەژماربکرێت، دواتر لە نێوان ڕۆژانی (٩-١٥)مانگی یەك ی ساڵی (٢٠١١)ڕیفراندۆمەکە ئەنجامدرا، ڕێژەی بەشداربووان گەیشتە(٩٧,٨٥%) و لەو ڕێژەیەش (٩٧,٥٧%) دەنگیان بۆ جیابوونەوە دا(عبدالله،٢٠١٧ ،ل٢٦٠).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
**بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١**
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: **ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)**

ڕیفراندۆمی باشووری سودان لە ژێر چاودێری نێودەوڵەتی ئەنجامدرا، دامەزراوە گەورەکانی جیهان لە بواری چاودێریکردنی هەڵبژاردن چاودێری و ئاگاداری پرۆسەی ڕیفراندۆمی باشوور بوون، لەوانە ناوەندی کارتەری ئەمریکی بەر لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکە سەردانی سودانی کرد و چەندین چاودێری نارد بۆ ویلایەتەکانی سودان و دواتر بەیانێکیشی دەرکرد لە نۆڤەمبەری ساڵی (٢٠١٠).هەروەها بەشی چاودێری هەڵبژاردنەکان لە یەکێتی ئەوروپا چاودێری ڕیفراندۆمی باشووری کرد و ڕاپۆرتێکیدووورودرێژی لە سەر ڕیفراندرم بڵاو کردەوە(بیان مركز كارتر حول الاستفتاو فى السودان، ٢٤نوفمبر٢٠١٠).

سەرۆکی سودان عومەر بەشیر ئەنجامەکەی قبوڵ کرد و مەرسومی کۆماری دەرچوو، باشووری سودان وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە (٩) ی تەموزی ساڵی (٢٠١١) ڕاگەیندرا، بەڵام چەند ڕۆژ پێش ڕیفراندۆم کێشە لە سەلر ناوچەی ئەبیێ دروستبوو، لە مانگی چواری هەمان ساڵ عومەر بەشیر ڕایگەیاند کەوا دان نانێت بە سەربەخۆیی باشوور ئەگەر حکومەتی باشوور داوای ناوچەی ئەبیێ بکات کە بەشێك بوو لە ویلایەتی کردەفان، دواتر لە مانگی پێنج ناوچەی ئەبیێ لکێندرا بە باکور و ململانی کۆتایی هات(وەیسی،٢٠١٧،ل٩٧).

**باسی سێیەم-ڕیفراندۆمی کەتەلۆنیا**

**تەوەری یەکەم:سەرەتایەک سەبارەت بە پرسی کەتەلۆنیا**

هەرێمی کەتەلۆنیا یەکێکە لەوهەرێمانەی ئیسپانیا کەوا خاوەنی زمان و کلتورەو داب و نەریتی خۆیانن، لە ساڵی (١٩٧٨) وەکو هەرێمێک مافی ئۆتۆنۆمی پێدراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا وەکو وڵاتێکی سەربەخۆ دانپێپێدانەنراوە، ژمارەی دانیشتوانی کەتەلۆنیا بریتییە لە (٧,٥) ملیۆن، کە دەگاتە (١٦%) کۆی گشتی دانیشتوانی ئیسپانیا. لەو ژمارەیەش (١,٥) ملیۆن لە پایتەختەتی کەتەلۆنیا لە بەرشلۆنە دەژین. زۆربەی دانیشتوانی کەتەلۆنیا گەلی کتالۆنین، جگە لەوانیش (١٩%) ی دانیشتوانی کەتەلۆنیا کۆچەرن، لە ڕووی ئایینەوە زۆربەی گەلی کەتەلۆنیا مەسیحین و لە تایفەی ڕۆمانی کاسۆلیکین. لە کەتەلۆنیا کلتور و زمان و یاسای تایبەت بە خۆیان ئەو کۆڵەگانەن کەوا هەستی نیشتمانی لە سەر

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بنیادنراوە، و بووە بە ناسنامەی ئەو هەرێمە و چەندین سەدەشە لە سەری بەردەوامن(عبدالله،٢٠١٧،ل٣٥٦).

لە ساڵی 1980 تا 2003هەرێمی کەتەلۆنیا لەلایەن هاوپەیمانی نەتەوە پەرستی و پارێزگارەکانەوە بەڕێوەدەبرا، پاشان چەپەکان دەسەڵاتیان کەوتە دەست و مەودای پیادەکردنی ئۆتۆنۆمی خۆیان فراوانکرد، بەڵام لە ساڵی 2010 وە حکومەتی ئیسپانیا بەشێک لە دەسەڵاتەکانی کە وەکو هەرێمێکی ئۆتۆنۆم هەیبوو لە کەتەلۆنیا سەندەوە، ئەمەش بووە هۆی هاندانی هەستی نەتەوەی و ناسیۆنالیستی و هاتنەوە سەر شانۆی نەتەوە پەرستەکان. مەیلی جیابوونەوە و سەربەخۆیی دووبارە روحی بەبەرداکرایەوە. دوای ئەوەی لە ساڵی 2010 دادگای دەستوری ئیسپانیا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بەشێك لە یاسای حوکمی زاتی نوێی دەرکرد کە هاوڵاتیانی کەتەلۆنیا لە ڕاپرسییەکی جەماوەریدا لە حوزەریرانی ساڵە 2006 دەنگیان بۆ دابوو لە بەرژەوەندی فراوانکردنی خۆبەڕیوبەری هەرێمەکەیان لەبواری دارایی. ئەم کارەی دادگای دەستووری بووە هۆکاری نارەزایی هەزاران خەڵکی کەتەلۆنی و ئاماژەیان بەوەکرد کە ئێمە نەتەوەین و ئێمە ئەو کەسەین کە بڕیاردەدەین. ئەمە لەکاتێکدا دەستوری ئیسپانیا بەهیچ شێوەیەك داننانێت بە گەلی کەتەلۆنیا وەك نەتەوەیەکی جیاواز و سەربەخۆ لە گەلی ئیسپانیا(عەبدوڵلا ، **kurdistanc**،٢٠١٧).

لە ساڵی (٢٠١٣) پەرلەمانی کەتەلۆنیا ڕاگەیاندنی سەروەری کەتەلۆنیای تێپەڕاند، تێیادا داوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم کرابوو، لە بەرامبەردا دادگای دەستوری ڕێوشوێنەکانی ئەو ڕیفراندۆمەی وەستاند. پەرلەمانی کەتەلۆنیا لە کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠١٤) پێشنیارێکی دایە پەرلەمانی ئیسپانیا لە سەر بنەمای ماددەی (١٥٠) بڕگەی دووەم ، بەوەی دەوڵەت هەندێك لە دەسەڵاتەکانی بگوازێتەوە بۆ کۆمەڵگا خاوەن ئۆتۆنۆمەکان، بە مەبەستی ڕێکخستی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی، بەڵام پەرلەمانی ئیسپانیا بە توندی دژی ئەو پرسە دەنگیدا و ڕەتیکردەوە، لە ئەنجامدا سەرۆکی کەتەلۆنیا ڕیفراندۆمەکەی هەڵوەشاندەوە، لە بەرامبەر ئەوەی پرۆسەی هاوبەشی بەریوەبرد کەوا پارێزگاری لە سیستەمی کەتەلۆنیا دەکات(عبدالله،٢٠١٧، ل٣٥٧-٣٥٨).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**تەوەری دووەم-هۆکارەکانی هەوڵی جیابوونەوەی کەتەلۆنیا**

هەوڵەکانی کەتەلۆنیا بۆ جیابوونەوە و بڕیاردان لە سەر ڕیفراندۆم و ئەنجامدانی بۆ سەربەخۆیی بێگۆمان چەندین هۆکاری بونیادی و پاڵنەری هەیە، لێرەدا ئەو هۆکار و پاڵنەرانە دەخەینە ڕوو کەوا بریتیین لەمانەی خوارەوە:

١-هۆکاری کولتوری:کلتوری کەتەلۆنی وەکو بەشێك لە ناسنامەی کەتەلۆنیا پێشینەیەکی مێژوویی هەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، ئەم ناسنامە کلتوریەش هۆکارێکە بۆ داواکاری لە ناوخۆی کەتەلۆنیا بۆ بنیادنانی دەوڵەتێکی نیشتمانی لە چوارچێوەی کەتەلۆنیا و لە دەرەوەی ئیسپانیا. لە سەردەمی ئێستاشدا ئەم کلتورە تایبەتە بووە بە پاڵنەرێکی سەرەکی بۆ جووڵانەوە جوداخوازەکانی کەتەلۆنیا، هەروەها هەوڵەکانی دەسەڵات لە سەردەمی فرانکۆ بۆ سڕینەوەی ئەم کلتورە بووە هۆکاری ئەوەی هەستی نەتەوایەتی لای گەلی کەتەلۆنی بەرەوە گەشەسەندنی زیاتر بڕوات(امزیان، ٢٠١٦، ل١١٢).

٢-هۆکاری سیاسی:کەتەلۆنیەکان یەکێکن لەو نەتەوانەی کەوا چەندین ساڵە لە چوارچیوەی دەوڵەتی ئیسپانیا دەژین، و لە پاڵ نەتەوەی باسك کەتەلۆنیەکانیەکانیش بەشێك بوون لە قوربانییەکانی دەسەڵاتی ڕیڤێرا و فرانکۆ. کێشەی کەتەلۆنیا هیچ کات چارەسەرێکی بنەڕەتی نەکراوە لە لایەن دەسەڵاتی ئیسپانیاوە، بوونی ئەم کەمە نەتەوانەش وایکردووە بیری ناسیونالیستی توندڕەوی لای ئیسپانییەکان دروستبێت، ریڤیرا هەموو کات دەیگوت( تەنیا کاتێك کەتەلۆنیا دەتوانێت جیاببێتەوە، ئەویش ئەو کاتەیە کەوا هەموو تاك بە تاکی ئیسپانیا ڕازیبن بەو جیابوونەوەیە(عەبدوڵلا، ٢٠٠٦، ل٣٣-٣٥).

هاووڵاتیانی ئیسپانیا و لە نیویشیاندا کەتەلۆنیا لە ژێر سایەی چەند دەسەڵاتێکی سیاسی و حکومەتی ناوخۆیی و ئۆتۆنۆمی فەرمانڕواییکراوان، ئەم حکومەت و دەسەڵاتانە لە کۆتایی ساڵانی(١٩٧٠) و ساڵانی(١٩٨٠) نەیانتوانی پێشبینی پرۆژەیەکی سیاسی گونجاو لە سەر بنەمایەکی یاسایی بکەین بۆ بەڕیوەبردنی تەواوی گەلانی ئیسپانیا. هەرچەندە لە دەستوری ساڵی (١٩٧٨) ڕێگەی داوە بەوەی کەوا کەتەلۆنیا دەتوانێ ئۆتۆنومی هەبێت لە چوارچیوەی ئیسپانیادا، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا سیستەمی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیاسی لە ئیسپانیادا زاڵ بووە بە سەر دامەزراوەكانی وولات و سیاسەتی ئابووری و باج، هەروەها حكومەتی ئیسپانیا هەمیشە هەوڵیداوە دەسەلاتەكان زیاتر بەرەوە ناوەند بباتەوە و دەسەلاتی هەرێمەكان كەم بكاتەوە(Colmer, 2017, p: 4). هەوڵەكان و هەنگاوەكانی دەوڵەتی ئیسپانیا هەمیشە بە ئاڕاستەی ئەوە بووە كاربكەن بۆ بنیادنانی یەك ناسنامەی ئیسپانی یەكگرتوو، ئەمەش لە چوارچێوەی دەوڵەتێكدا كەوا كۆمەڵێك نەتەوەی دیكەی تێدایە كەوا خۆیان بە خاوەنی مێژوو و خاك و كلتور و ناسنامەی تایبەت بە خۆیان دەزانن وەكو نەتەوەی كەتەلۆنی، بۆیە هەمیشە ئەم نەتەوانە هەوڵیانداوە بۆ ئەوەی نەچنە ژێر ئەو ناسنامەیەی كەوا دەوڵەتی ئسیپانیا مەبستیەتی بە سەر هەموو دانیشتوانی ئیسپانیادا بیسەپێنیت(وسطانی، ٢٠١٦،ل٣٨-٣٩).

ویستی جیابوونەوە و سەربەخۆیی بوو بە بەشێك لە ئامانجی سیاسی دوای ئەوەی لە ساڵی (٢٠١٠) دادگای دەستوری ئیسپانیا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بەشێك لە یاسای حوكمی زاتی نوێی دەركرد، و لە نێویشیاندا دیاریكردنی كەتەلۆنیا وەكو نەتەوە، لە سەر بنەمای داوایەكی یاسایی پارتی گەلی پارێزگار (عبدالله،٢٠١٧ ،ل٣٥٨) ، كە هاوڵاتیانی كەتەلۆنیا لە ڕاپرسییەكی جەماوەریدا لە مانگی (٦) ساڵی (٢٠٠٦) دەنگیان لەسەردا لە بەرژەوەندی فراوانكردنی خۆبەڕیوبەری هەرێمەكەیان لەبواری داراییی. ئەم بڕیارەی دادگای دەستووری بووە هۆی ئەوەی بە هەزاران كەتەلۆنی نارەزایی دەربڕن و ئاماژەیان بەوەكرد كە ئێمە نەتەوەین ... ئێمە ئەو كەسەین كە بڕیاردەدەین. سەرەڕای بانگەشەكە ئەوان بەڵام دەستوری ئیسپانیا بەهیچ شێوەیەك داننانێت بە گەلی كەتەلۆنیا وەك نەتەوەیەكی جیاواز و سەربەخۆ لە گەلی ئیسپانیا(حەسەن عەبدوڵلا ، ٢٠١٧).

كۆمەڵێك ڕووداو و چالاكی گەورە ئەنجامدران كەوا داواكاری سەربەخۆیی بوو بو بە دروشمی سەرەكیان لە كەتەلۆنیا، لە سیپتەمبەری ساڵی(٢٠١٢) خۆپیشاندانێكی گەورە لە بەرشلۆنەی پایتەختەی كەتەلۆنیا بەڕیوەچوو، كە تێیادا نزیكەی یەك ملیۆن و نیو هاووڵاتی بەشدارییان تێدا كرد و داوایان دەكرد كەتەلۆنیا ببێتە دەولەتی داهاتووی ئەوروپا، هەروەها لە هەڵبژاردنی هەرێمی لە كەتەلۆنیادا ئەو حزبانە زۆرینەی كورسیەكانیان بەدەستهێنا كەوا لایەنگری سەربەخۆیی بوون، هەروەها چەند ساڵ بوو جوداخوازەكانی كەتەلۆنیا هاوشێوەی سكوتلەندا كە لە ساڵی (٢٠١٤) ڕوویدا، دەیانویست

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەزامەندی حکومەتی ئیسپانیا وەربگرن بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی(عبدالله،٢٠١٧،ل٣٥٨-٣٥٩).

٣-هۆکاری ئابووری:ساڵانێکی زۆرە ئیسپانیا بە دەست ئابوورییەکی ناسەقامگیرەوە دەناڵێنێت ، و ئاستی ئابووریی کەتەلۆنیا بەرزترە لە ئیسپانیا. دەوڵەمەندیی کەتەلۆنیا بووە بە هۆکارێکی بونیادی بۆ جیابوونەوە لە ئیسپانیا. کەتەلۆنیا نایەوێت باجی زیاتر بدات لە پێناو بەشەکانی دیکەی ئیسپانیا. ئەم پرسە وادەکات تەنیا لە گۆشەنیگای بەرژەوەندیی ئابووری لە پرسی سەربەخۆیی کەتەلۆنیا بڕوانرێت(بابان، ٢٠١٧، **penus**).

داهاتی کەتەلۆنیا نزیکەی (٢٠%) کۆی گشتی داهاتی ئیسپانیا پێك دێنێت، و (٢٦%) ی هەناردەی ناوخۆی ئیسپانیا لە کەتەلۆنیاوە دەڕوات، هەروەها کەتەلۆنیا (٤٥%)ی کۆی گشتی کەل و پەلی تەکۆنۆلۆجی هەناردەکراو پێکدەهێنێت وەك ئۆتۆمۆبیل و ئامیرە ئەلیکترۆنییەکان، لە گەڵ ئەوانەشدا بە ڕێژەی (٧٠%) ی جموجۆڵی گواستنەوە و گەیاندنی تایبەت بە بازرگانی دەرەکی بۆ ئیسپانیا لە لایەن کەتەلۆنیاوە ئەنجامدەدرێت(عەبدوڵلا ، ٢٠١٧).کەتەلۆنیا سێ لە سەر یەکی کۆی گشتی هەموو پیشەسازی ئیسپانیا پێك دێنێت ، یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی کەتەلۆنیا کە وایکردووە ئابووریەکی بەهێزی هەبێت، بریتییە لە کەرتی گەشتیاری، کەوا بەشێکی گرنگی داهاتی هەرێمەکە پێك دێنێت، لە ساڵی (٢٠١٧) نزیکەی (٨.٩) ملیۆن خەڵك سەردانی کردووە، بەمەش بە سێیەم شار یان هەرێم دادەنرێت دوای پاریس و لەندەن لە هەموو ئەوروپا کە ئەو ڕێژەیە لە خەڵك سەردانیا کردبی، و لە ئاستی جیهان بە دوانزەهەمین هەرێم دادەنرێت(**Kofos, Michael, 2018, p**: 10).

کەتەلۆنییەکان پێیانوایە کەوا ئابووری هەرێمەکەیان بە هۆی حکومەتی ئیسپانیاوە زیانی زۆری پێگەیشتووە، باجێکی زۆری سەپاندووە و ناچارن بڕێکی زور باج بدەن بە حکومەتی مەدرید، بەڵام هیچ خزمەتگوزاری و وەبەرهێنانێکی وانییە بۆ ئەم هەرێمە بە بەراورد لە گەڵ ئەو ڕێژە زۆرەی باج، ئەمەش لە بەر ئەوەی حکومەتی ئیسپانیا نایەوی بەرشلۆنە باشتربێت لە مەدرید(حسن، **democraticac**) ، حکومەتی ئیسپانیا باج لە هەرێمە و ناوچەکانی ئیسپانیا کۆدەکاتەوە و دابەشیدەکات بە سەر هەموو ئیسپانیا، لەو داهاتەی کەتەلۆنیا هیچ بڕێکی لی تایبەتمەند نەکراوە بۆ

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: **ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)**

هەرێمەکە وەکو ئەوەی لە بابەتی باج هەرێمی باسك سەربەخۆیە و هیچ باجیك نادات بە حکومەتی مەدرید، ئەمەش وادەکات فاکتەری ئابووری ببێتە پاڵنەرێکی سەرەکی بۆ جیابوونەوەی کەتەلۆنیا(المجید، ٢٠١٧، **acrseg**). هەروەها لەم ساڵانەی دواییدا چەند جووڵانەوەیەك درووستبوون سەبارەت بە پرسی سەربەخۆیی کەتەلۆنیا لە دەرئەنجامی قەیرانی ئابووری، ئەمانە هەموو کارەکانیان بە ئاڕاستەی ئەوەبوو کەوا هەرێمەکەیان ناکرێت تەنها ڕۆڵی باج کۆکەرەوەیەك ببینێت، و ڕەخنەی توندیان گرت لەو بنەما یاسایی و دەستوورییانەی کەوا گەلی کەتەلۆنیا بێ بەش دەکات لەو داهاتە زۆرەی کەوا لە هەرێمەکەیان دەردەچێت، لە هەنکاتیشدا هەرێمەکە کێشەی هەبێت لە بوارەکانی تەندروستی وپەروەردە و پشتگوێبخرێت و لە داهاتەکانی کێشەکان بۆ چارەسەر نەکرێت( **Barica Marta Garcia, p: 401-405).**

**باسی چوارەم- ڕیفراندۆمی (١)ی ئۆکتۆبەرو دەرئەنجام و کاردانەوەکان و بەربەستەکانی بەردەم سەربەخۆیی**

**تەوەری یەکەم-ریفراندۆمی ئۆکتۆبەری (٢٠١٧)**

لە(٧-٩-٢٠١٧) پەرلەمانی کەتەلۆنیا یاسایەکی تایبەت بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی بۆ سەربەخۆیی دەرکرد. لە کۆی ١٣٥ ئەندام پەرلەمان، ٧٢ ئەندام دەنگیان بە یاساکە **]h(Arrighi,2019, tandfonline** ). چەند ئەندام پەرلەمانێك و فراکسیۆنێك بایکۆتی ئەو دانیشتنەیان کرد. یاساکە لە پێشەکی و ٣٤ مادده پێکهاتووە. پەرلەمانی کەتەلۆنیا وەکو بنەما بۆ ئەو یاسایە پشت بە ماددەی یەکەمی هەر دوو بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی ساڵی ١٩٦٦ بەستووە دەربارەی مافە مەدەنی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان کە جەخت لە مافی چارەنووسی گەلان دەکاتەوە، گەوا ئیسپانیا لە ساڵی ١٩٧٧ ئەم دوو بەڵێننامەیەی پەسند کردووە. سەربەخۆخوازان لە پەرلەمانی کەتەلۆنیا ویستیان پرسی سەربەخۆییی بە دەستووری ئیسپانییەوە پەیوەست نەکەن، لە بەرامبەر ئەوەدا پشت بە دوو بنەما دەبەستن: مافی چارەنووسی گەلان و دیموکراسی. هەروەها پەرلەمانی کەتەلۆنیا ئاماژەیان بە ڕای ڕاوێژکاریی دادگای دادی نێودەوڵەتی کرد سەبارەت بە پرسی کۆسۆڤۆ، کەوا چۆن ئەم دادگا نێودەوڵەتیە، دروستبوونی دەوڵەتی نوێی قەدەغە نەکردووە. سەرەڕای دژایەتی ئیسپانیا

دامەزراوەکانی یەکێتیی ئەورووپاش لێدوانیان دژ بە ئەنجامدانی ئەم ڕیفراندۆمە دا، بەڵام پەرلەمانی کەتەلۆنیا لە ڕێکەوتی (٢٠١٧/٩/٨ )یاسایەکی تری دەربارەی قۆناغی ڕاگوزەری بەرەو کۆماری کەتەلۆنیا دەرکرد. ئەم یاسایە لە (٨٨) مادده پێکهاتووە. ئەم یاسایە وەکو دەستوورێکی کاتی بۆ قۆناغی ڕاگوزەری تا دانانی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ کۆماری کەتەلۆنیای سەربەخۆ نووسرا، ئەم یاسایە ڕاستەوخۆ لە دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی دەکەوێتە بواری جێبەجێکردن، لەبەر ئەوەی ئەو ناوچەیە وەك ناوچەیەکی ئیسپانی نامێنێت و دەوڵەتێکی نوێ جێی دەگرێتەوە(بابان، ٢٠١٧**penus**).

لە سەر بنەمای ئەو یاسایەی پەرلەمانی کەتەلۆنیا کەوا یەك لایانە دەریکرد بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی، کەوا پرسیاری ڕیفراندۆم بریتی بوو لە( ئایا دەتەوێت کەتەلۆنیا ببێت بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە سەر شێوەی کۆمارێکی سەربەخۆ؟)، و دەرئەنجامەکەشی مولزەم دەبێت(عبدالله،٢٠١٩،ل١١٩).سەرەڕای ئەوەی ڕیفراندۆمەکە لە لایەن حکومەتی ئیسپانیاوە بە نایاسایدانرا، هەوڵدرا ڕێگا لە ئەنجامدانی بگیرێت، سەرۆك وەزیران وتی هیچ ڕیفراندۆمێك ئەنجامنادرێت، کاتێك کەتەلۆنیا سووربوون لە سەر ئەنجامدانی، لە ئۆکتۆبەری ساڵی (٢٠١٧)بە هەزاران پاسەوانی مەدەنی ڕەوانەی کەتەلۆنیا کران، تاوەکو ڕێگرییکەن لە بەڕیوەچوونی پرۆسەکە، بۆ ئەو مەبەستە فیشەکی لاستیقیان تەقاند بە سەر خەڵکیدا، و دەستیان گرت بە سەر بەشێك لە بنکە و کاغەزی ڕیفراندۆم(**Welp, 2017,researchgate**) .

لە دوای چەند ڕۆژ لە گرژیی، بە هەزاران کەتەلۆنی لە بەردەم ویستگەکانی دەنگدان کۆبوونەوە بۆ ئەوەی بەشدارییکەن لە ڕیفرانۆمی سەربەخۆیی ، سەرەڕای هەوڵەکانی حکومەتی ئیسپانیا بۆ ڕێگریکرن و مانەوەی پۆلیس لە نزیکەی (١٠٠) ناوەندی دەنگداندا، بەڵام بە بەشداری نزیکەی (٢.٢٦) ملیۆن کەس ڕیفراندۆمەکە بەڕیوەچوو، کەوا نوێنەرایەتی نزیکەی (٤٢.٣%) خەڵکی کەتەلۆنیایان دەکرد، لەو ڕێژەیەش (٩٠%) بە بەڵی دەنگیان دا بۆ سەربەخۆیی هەرێمەکەیان و جیابوونەوە لە دەوڵەتی ئیسپانیا دا(**Statista Research Department, 2020, statista**).

بویغدیمون سەرۆك حکومەتی کەتەلۆنیا لە (١٠) ئۆکتۆبەری ساڵی(٢٠١٧) واتا دە ڕۆژ پاش ڕیفرانۆمەکە، بۆ پەرلەمانی کەتەلۆنیا ئەوەی دووپات کردەوە کەوا کەتەلۆنیا دەبێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە شێوەی

بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆماردا، بەڵام ئەو بەیاننامەی کەوا لەگەڵ جێگرانی حزبەکەی و هاوپەیمانەکانی واژۆی کردبوو ڕاگیرابوو، تاوەکو گفتوگۆ لە گەڵ مەدرید بکەن. دواتر پەرلەمانی کەتەلۆنیا لە (٢٧) ی هەمان مانگدا کۆماری کەتەلۆنیا ڕاگەیاند، بەیاننامەی سەربەخۆیی لە لایەن ئەندام پەرلەمانە جوداخوازەکانەوە ئامادەکرابوو، و داوای دانوستاندنی دەسبەجێیان لە حکومەتی ئیسپانیا کرد.

**تەوەری دووەم-کاردانەوەکان**

دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە لایەن کەتەلۆنیا، کۆمەڵێك کاردانەوەی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی لێکەوتەوە، لێرەدا بەم شێوەیەی خوارەوە دەیانخەینە ڕوو:

***حکومەتی ئیسپانیا:**

لە دوای دوو ڕۆژ ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە کەتەلۆنیا، پاشای ئیسپانیا ووتارێکیدا، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد ڕیفراندۆمی کەتەلۆنیا نایاسایی و نا دیموکراتییە. هەروەها ڕەخنەی توندی ئاڕاستەی سەرکردەکانی کەتەلۆنیا کرد بەوەی نابەرپرسیارن و سەقامگیری کەتەلۆنیا و تەواوی ئیسپانیا دەخەنە مەترسییەوە. لە (١٢) ی ئۆکتۆبەر (بویغدیمون) سەرۆکی حکومەتی کەتەلۆنیا بۆ سەرۆك وەزیرانی ئیسپانیای دووپات کردەوە، کەوا کاری لە پێشینەی ئەو لە دوو مانگی داهاتوو دیالۆگە، بەڵام حکومەتی ئیسپانیا ماوەی سێ ڕۆژی پێدابوو تاوەکو ڕوونکردنەوە بدات بە حکومەت. لە هەمانکاتدا سەرۆکی پۆلیسی کەتەلۆنیا تۆمەتبارکرا بە لایەنگری جوداخوازەکان. دواتر ئینگۆ مێندس وتەبێژی حکومەتی ئیسپانیا ڕایگەیاند حکومەت هەموو ڕێگا بەردەستەکان بەکاردێنێت بۆ گەڕانەوەی یاسا و دەستور، هەروەها قەرەبووکردنەوەی ئەو زیان و ناسەقەمگیرییە ئابوورییەی کە بە هۆی پرسی کەتەلۆنیاوە لێیان کەوتووە(شبکە الجزیرە الاعلامیە، ٢٠١٧).

دواتر و دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە لایەن پەرلەمانی کەتەلۆنیا لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی(٢٠١٧)، لە بەرامبەردا پەرلەمانی ئیسپانیا بە زۆرینەی دەنگ بڕیاریدا بە چالاککردنی ماددەی (١٥٥) لە دەستووری ئیسپانیا، کە تێیدا ڕێگە بە حکومەتی ئیسپانیا دەدات دەسەڵاتەکانی بەسەر هەرێمە ئۆتۆنۆمەکان بسەپێنێت و دەسەڵاتی سیاسی و ئەمنی ئەوهەرێمە هەڵبوەشێنێتەوە.دوای ئەو بڕیارە،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: **ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)**

ماریانۆ رۆخای، سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیا هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی کەتەلۆنیای راگەیاند و رۆژی هەڵبژاردنی داهاتوو دیاریکرد.سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیا گوتی "بابەتەکە بریتی نییە لە هەڵپەساردنی حکومەتی ناوخۆیی یان دەستتێوەردان لە حکومەتەکەدا، بەڵکو بە سادەیی بڵێم بریتییە لە گەڕاندنەوەی ئەو حکومەتە ناوخۆییەیە بۆ دۆخی ئاسایی خۆی بە زووترین کات. ئەو ئاساییکردنەوەیەش بە گەڕاندنەوەی شەرعییەتی دەستووری و گەڕاندنەوەی دەنگی کەتەلۆنییەکانە. بۆیە من ئەمڕۆ پێتان رادەگەیەنم کە من پەرلەمانی کەتەلۆنیام هەڵوەشاندەوە و لە رۆژی 21ی مانگی کانوونی یەکەمدا هەڵبژاردن لە کەتەلۆنیا ئەنجامدەدرێت(نەسرەدین، ٢٠١٧، **rudaw**.).

***ئەوروپا:**

دۆناڵد تسك سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەورپا ڕایگەیاند هیچ شتێك بۆ ئێمە نەگۆڕاوە، تاکە لایەنێك مامەڵەی لە گەڵ بکەین دەوڵەتی ئیسپانیایە، سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپی ئەنتۆنیۆ تاجانی ڕایگەیاند کەوا (٢٨) دەولەتی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا دان بە سەربەخۆیی کەتەلۆنیادا نانێن، جێنس ستوڵتنبێرگ سکرتێری گشتی ناتۆ راگەیاندنی یەکلایانەی سەربەخۆیی کەتەلۆنیا بە کاروباری ناوخۆیی ئیسپانیا ناوبرد. هەروەها ئاماژەی بەوە کرد دەبێت پرسی کەتەلۆنیا لە چوارچیوەی دەستوری ئیسپانیا چارەسەر بکرێت(الپابتی ، ٢٠١٧،**aa**).

بەریتانیا دان بە بڕیاری یەکلایەنەی کەتەلۆنیا دانانێین، نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیاش جەخت لە رێزگرتن لە دەستووری ئیسپانیا دەکاتەوە و دەڵێت "لەسەر بنەمای بڕیاری دادگای ئیسپانیا کە دەنگدانەکەی پەرلەمانی هەرێمی کەتەلۆنیا بە نایاسایی لەقەڵەمدا، حکومەتی بەریتانیا دان بە بڕیاری پەرلەمانی کەتەلۆنیا تایبەت بە سەربەخۆیی ئەو هەرێـمە نانێت".حکومەتی بەریتانیا راشیگەیاندووە، لەندەن بەردەوام دەیەوێ ببینێت کە یاسا جێبەجێ دەکرێت، رێز لە دەستووی ئیسپانیا دەگیرێت و یەکپارچەیی خاکی ئیسپانیاش پارێزراو بێت. و ئیمانوئێل ماکرۆن، سەرۆك کۆماری فەرەنسا پشتگیری تەواوی خۆی بۆ حکومەتی ئیسپانیا دەربڕی و رایگەیاند "من هەمیشە رامگەیاندووە کە لە وڵاتی ئیسپانیادا تەنیا یەك هاوتام هەیە کە ئەویش ماریانۆ راخۆی، سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیایە".ماکرۆن گوتیشی "لە وڵاتی ئیسپانیادا یاسا هەیە کە لەچوارچێوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستووری ئیسپانیادایە و سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیا دەیەوێت ڕێز لەو یاسایانە بگیرێت و منیش لەو بارەیەوە پشتگیری تەواوی لێدەکەم". ئەڵمانیا: نیگەرانینستیڤان سیبرت، گوتەبێژی حکومەتی ئەڵمانیاش ڕایگەیاند "دان بە ڕاگەیێندراوی تاکلایەنەی هەرێمی کەتەلۆنیا نانێین. بە نیگەرانییەوە چاودێری دۆخەکە دەکەین، نابێ سەروەری ئیسپانیا و یەکپارچەیی خاکەکەی پێشێلبکرێت(نەسرەدین، ٢٠١٧، **rudaw**).

***نەتەوە یەکگرتووەکان:**

سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان  ئانتۆنیۆ گۆتیریش ڕایگەیاند، هیواداره دەزگا دیموکراتییەکانی ئیسپانیا چارەسەرێك بۆ قەیرانی نێوان حکومەتی ناوەندی و دەسەڵاتدارانی کەتەلۆنیا بدۆزنەوە، هەروەها  وتەبێژی سەرۆکی ئەنجوومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیان مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلان مافێکی بنەڕەتیە، ئەم مافە دەبێت بە بێ پێشیلکردنی بنەمای خاکی وولآتان و بە ڕێککەوتنی دوولایەنە بێت(الريماوى ، ٢٠١٧،  **almajd**) .

***ئەمریکا:**

هێزەر ناوێرت وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند کەوا بابەتی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کەتەلۆنیا بابەتێکی ناوخۆیی ئیسپانیایە، بەڵام ئەگەر هاتوو هەردوولا ڕێکبکەون و دەوڵەتێکی نوێ دروستبێت ئەمریکا ئامادەیە مامەڵەی لە گەڵ بکات. سەرۆکی کەتەلۆنیا لێدوانەکانی ئەمریکای والێکداوە کەوا ڕێز لە ئیرادەی خەڵکی کەتەلۆنیا دەگرن،(الريماوى ، ٢٠١٧،  **almajd**) ، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بڕیارەکەی کەتەلۆنیای ڕەتکردەوە و پشتگیری واشنتنی بۆ ڕێکار و هەوڵەکانی مەدرید بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئیسپانیای دەربڕی(نەسرەدین، ٢٠١٧، **rudaw**)..

**تەوەری سێیەم -بەربەستەکانی بەردەم سەربەخۆیی کەتەلۆنیا**

کۆمەڵێك بەربەست لە بەردەم سەربەخۆیی کەتەلۆنیا بوونیان هەیە، هەندیکیا پەیوەست بە پرسی یاسایی، هەندیکیش بە پرسی پەیوەندی نێودەوڵەتی، و بەشێك لە بەربەستەکان پەیوەسن بە فاکتەری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
**بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١**
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: **ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)**

ئابووری و ئایندەی سیاسی ئیسپانیا، لێرەدا گرنگترین بەربەستەکانی بەردەم سەربەخۆییی کەتەلۆنیا دەخەینە ڕوو:

١-بەربەستی دەستوری:یەکێك لە بەربەستەکانی بەردەم سەربەخۆیی کەتەلۆنیا بریتییە لە نەبوونی ڕێگا چارە یان دەروازەیەکی دەستووری بەرەو سەربەخۆیی، بە پێچەوانەوە بوونی ماددەی (١٥٥) لە دەستووری ئیسپانیا بۆ خۆی بووە بە کێشەیەکی بنەڕەتی لە بەردەم کەتەلۆنیا، ئەم ماددەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کەوا هەرێمە ئۆتۆنۆمەکان ئەگەر هاتوو کارێك بکەن پێچەوانەی دەستوور یان مەترسی بێت بۆ سەر ئیسپانیا، ئەوا حکومەت دەتوانێت هەموو دەسەڵاتەکانی ڕاگرێت(**Calzada**, 2019).

2-دەسەڵاتی دادوەری:دادگای باڵای ئیسپانیا  هەمیشە هەوڵیداوە بڕیارەکانی بە ئاڕاستەی هەڵوەشاندنەوەی سەربەخۆی و ئۆتۆنۆمی کەتەلۆنیا و پاڵپشتیکردنی مەدرید بێت بۆ پاراستنی یەکێتی ئیسپانیا بەهەر میکانیزمێك بێت(عەبدوڵلا ، ٢٠١٧، **kurdistanc**)، یەکێکی دیکە لەو دادگایانەی کەوا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی بینییەوە لە پرسی کەتەلۆنیا دادگای دەستووریی ئیسپانیا بووە، ئەم دادگایە چەندین یاسا و بڕیاری هەرێمەکانی ڕەت کردۆتەوە و هەڵیوەشاندوون. پرسی سەربەخۆییی کەتەلۆنیا پەیوەستە بە بڕیارەکانی ئەم دادگایە کەوا ڕێگربووە نەیهێشتووە ئەو ئامانجە بەدیبێنن. لە دوا بڕیاریدا لە ڕۆژی (٢٠١٧/٩/٧)، کاتێك پەرلەمانی کەتەلۆنیا بڕیاریدا ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی بکرێت، دادگای دەستووری ڕاستەوخۆ بڕیاریدا کە ئەم ریفراندۆمە هەڵپەسێردرێت(بابان، ٢٠١٧،**Penus**).

٣-بەربەستی ئابووری:وابستەیی ئابووری مەدرید بە ئابووری کەتەلۆنیا، لە ئەگەری جیابوونەوەی کەتەلۆنیا  ئیسپانیا سەرچاوەیەکی گرنگی باج و داهات لەدەستدەدات، چونکە کەتەلۆنیا ناوەندێکی گەورەی ئابووری جیهانیە. بە سەربەخۆبوونی کەتەلۆنیا ئیسپانیا بەشێکە گرنگ لە داهاتی نیشتیمانی وهەناردەی ناوخۆی لەدەست دەچێت. ئەمەش وادەکات  لە ئەگەری سەربەخۆبوونی کەتەلۆنیا تێچووی گواستنەوەی کەل و پەلی ئیسپانی بۆ هەناردەکردن

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرزبێتەوە و ڕێژەی هاوردەکردن دابەزێت و ئابووری ئیسپانیا لە بنەڕەتدا زیانی بەربکەوێت(عەبدوڵلا ، ٢٠١٧، **kurdistanc**.).

٤-ئامرازی کات: ڕاگەیاندنی سەربەخۆی بۆ کەتەلۆنیا لەو کاتەدا بە گونجاو نە دەبیندرا، بە هۆکاری ئەوەی کەتەلۆنیا وەك بەشێك لە ئیسپانیا بەیەکێك لە پایە گرنگەکانی ناوچەی یۆرۆ هەژمار دەکرێت. ئەو ناوچەیەش لەو کاتەدا بەدەست قەیرانی ئابووری دەیناڵاند. لەوانە زیادبوونی کورتهێنانی ئابووری وڵاتانی ناوچەکە و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و ڕێوشوێنەکانی پاشەکەوتکردن کە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر خزمەتگوزاری گشتی هەبووە(عەبدوڵلا ، ٢٠١٧، **kurdistanc**).

٥-نەبوونی پاڵپشتی هەرێمی و نێودەوڵەتی:هەموو دامەزراوەکانی ئەوروپا ئامادەنەبوون پاڵپشتی پرسی کەتەلۆنیا بکەن، بەڵکۆ پشتگیری حکومەتی ئیسپانیا دەکەن وەکو لایەنێکی کێشەکە(الیابتی ، ٢٠١٧، **aa**) ،هروەها وڵاتە خاوەن پێگەکانی ئەوروپا وەك بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا پاڵپشتی خۆیان بۆ حکومەتی ئیسپانیا و یەکگرتوویی ئیسپانیا دەربڕی(نەسرەدین، ٢٠١٧،**rudaw**) ،لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیش هیچ وڵاتێك پاڵپشتی لە پرسی کەتەلۆنیا نە کردووە، لە بەرامبەردا پشتگیری خۆیان بۆ یەکپارچەیی خاکی ئیسپانیا دەربریوە وەکو ئەمریکا(الریماوی ، ٢٠١٧، **almajd**)>

٦-پارچە چارچەبوونی ئیسپانیا:کەتەلۆنیایەکی گەورە لە ئایندەدا، و لە ئەگەری جیابوونەوەی کەتەلۆنیا لە ئیسپانیا و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، پێشبینی دەکرێت کەوا زۆرێك لە توندڕەوە ناسیۆنالیستەکان لە هەرێمی ینادۆن داوای جیابوونەوە و چوونەپاڵ کەتەلۆنیا بکەنەوە، کە پێشتر لە سەدەکانی ناوەڕاست لەڕێگەی لکاندنەوە بە دوورگەکانی بلیار ترس لە دروستکردنی و ناوچەی ڤالنسیاوە لە کەتەلۆنیا دابڕێنراون. ئەمەش وایکردووە کە سیاسیەتمەدارانی ئیسپانیا ترسی زۆریان هەبێت لە جیابوونەوەی کەتەلۆنیا، وەك هەوڵێك بۆ بچووککردنەوە و پارچەپارچەکردنی ئیسپانیا لێی بڕوانن، چونکە سەربەخۆبوونی کەتەلۆنیا وەك گەمەی دۆمینە وایە تەنها ئەوەندە بەسە کەیەکەمی بکەوێت(عەبدوڵلا، ٢٠١٧،**kurdistanc**)..

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**باسی پێنجەم:بەراووردکاری نێوان هەردوو ریفرانۆمی باشووری سودان و کەتەلۆنیا**

*هەریەك لە باشووری سودان و کەتەلۆنیا دوو ناوچەی دەوڵەمەند و خاوەن پێگەیەکی ئابووری گرنگن، هەر دوو دەوڵەتی سودان و ئیسپانیا بەشێکی گرنگی داهات و ئابووری ووڵاتەکانیان پشت دەبەستیت بەم دوو ناوچەیە. هەروەها خاوەن مێژوو و کلتور و تایبەت بە خۆیانن.

*ریفراندۆمی باشووری سودان لە سەر بنەمای دەستووری بوو، کەوا پێشتر ئەوە لە رێککەوتننامەی ئاشتی بڕیاری لێدرابوو لە نێوان بزووتنەوەی باشووری سودان و حکومەتی سودان لە ژێر چاودێری نێودەوڵەتی ، بەڵام ریفراندۆمی کەتەلۆنیا تاك لایەنە بوو، هیچ بنەمایەکی دەستووری نەبوو، هەروەها ڕەزامەندی حکومەتی ناوەندیشی نەبوو. بۆیە حکومەتی ئیسپانیا بڕیاری بەکارهێنانی مادەی (١٥٥)ی دەستوری دا کە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر هەرێمە ئۆتۆنۆمەکانی ئیسپانیا پابەندی ئەو دەستور و یاسا بەرکارەکانی تری وڵات نەبن، یان بەشێوەیەك هەڵسوکەوت بکەن کە بەرژەوەندی ئیسپانیا بخاتە مەترسییەوە، ئەوا حکومەت دەتوانێت ڕێوشوێنی پێویست بەهاوکاری زۆرینەی ئەنجومەنی نوێنەران بگرێتەبەر بۆ ناچارکردنی ئەو هەرێمە بۆ پابەندبوون بە دەستورەوە بۆ ئەو مەبەستەش هەموو هەنگاوێك دەگرێتەبەر. هەروەها، لەبڕگەی (٢)ی هەمان مادە ئاماژە بەوە دەکات کە حکومەت دەتوانێت هەرێمەکە لە تەواوی دەسەڵات خوودموختارییەکان دابماڵێت.

*لە ریفراندۆمی باشووری سودان زۆرینەی دانیشتوانی باشووری سودان بەشداریان کرد و دەنگیان بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی دا، بەڵام لە ریفراندۆمی کەتەلۆنیا ڕێژەی بەشدارییکردن بەو جۆرە نەبوو، دوای چەند ڕۆژێك لە ئەنجامدانی ریفراندۆمەکە سەدان هەزار هاوڵاتی لایەنگر لە یەکگرتووی و یەکپارچەی ئیسپانیا لە شاری بەرشەلۆنە ڕژانە سەر شەقامەکان و پشتگیری خۆیان بۆ یەکپارچەیی خاکی ئیسپانیا دووپاتکردەوە.

*حکومەتی سودان دانی نا بە ئەنجامی پرۆسەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی باشووری سودان، بەڵام هەرچی حکومەت و پەرلەمان و دامەزارووەکانی دەوڵەتی ئیسپانیا بوو، بە توندی ریفراندۆمەکەی کەتەلۆنیایان ڕەتکردەوە، هەروەها حکومەت سزای سەپاند بە سەر هەرێمەکە و دەسەڵاتی دادوەری

چەندین کەسی لە ڕابەرانی سەربەخۆیی و ریفراندۆم سزادا و سەرۆکی کەتەلۆنیا ئیسپانیای جێهێشت بۆ بەلجیکا.

*ڕۆڵی ووڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی لە پرسی باشووری سودان هەر لە سەردەمی شەڕی ناوخۆ تا وەکو گەیشتن بە سەربەخۆیی زۆر یارمەتیدەر و هاوکاری باشوورییەکان بوو، بە جۆرێك ئەو هەموو پاڵپشتی و پشتگیرییە ماددی و سەربازی و سیاسییانە بوون بە هۆکاری ئەوەی حکومەتی سودان ڕازیببێت بە ڕێككەوتننامەی ئاشتی و دواتر دەستورێکی ڕاگوزەر کەوا جیابوونەوەی باشوور گەرەنتی بکات، کەچی هەرێمی کەتەلۆنیا لە ناوەندی ئەورووپای دیموکراتی هیچ ووڵاتێك ئامادەنەبوو پشتگیر و پاڵپشت لە پرسەکەی بکات تاوەکو لە سەر خاکی خۆی کیانێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێت، تەنانەت لە سەر ئاستی نێودەولەتیش هیچ ووڵاتێك ئامادەنەبوو پاڵپشتی لێبکات.

بەرئەنجام: هەر لە سەرەتای درووستبوونی دەوڵەتی سودان سەرەتای ناکۆکی نێوان باشوور و باکوور دەستیپێکرد، ئەوەش بە هۆی ئەوەی باکوورییەکان زۆرینە بوون و کۆنترۆڵی دەسەڵاتیان لە دەستدابوو، پاشانیش چەندنین قۆناغی شەڕی ناوخۆ ڕوویدا لە نێوانیان، هەروەها ناوچەی باشوور ناوچەیەکی دەوڵەمەندە لە ڕووی سامانی سروشتی، بەڵام خەڵکە باشوور نەیاندەتوانی سوود لەو سامانە وەربگرن، لە گەڵ ئەوانەشدا گەلی باشوور ناسنامەیەکی تایبەت بە خۆیان هەبوو کەوا پێیان وابوو تاوەکو لە گەڵ باکوور بن لە مەترسی دا دەبێت.سەرەڕای ئەمانەش چەندین ووڵاتی هەرێمی و نێودەوڵەتی پاڵپشتی باشوورییان دەکرد بۆ سەربەخۆیی. جگە لە هۆکاری کلتوری و سیاسی لە پرسی کەتەلۆنیا فاکتەری ئابووری زۆر کاریگەری هەبوو لە پرۆسەی داواکردنی سەربەخۆیی، چونکە کەتەلۆنیا سەرچاوەیەکی گەورەی داهات بوو بۆ ئیسپانیا و کەچی خۆی لەو داهاتە بێبەشکرابوو، لە گەڵ ئەوەشدا کەتەلۆنیا بارەدۆخی ئەوروپا و وەکو ریفراندۆمی سکوتلەندا بوو بە پاڵنەرێك و هاندەرێك تا وەکو ریفراندۆم ئەنجامبدەن. گەرەنتی سەرکەوتنی خواستی گەلان بۆ سەربەخۆیی لە سەردەمی هاوچەرخدا پەیوەستە بە بارەدۆخی هەرێمی و نێودەوڵەتی و بەرژەوەندی ووڵاتان، لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیدا بەهاگەلی وەکو مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسین و بنەمای دیموکراسی لە پاش هەموو بەرژەوەندییەکان و سیاسەت و ستراتیژی ووڵاتان دێت.

## لیستی سەرچاوەکان

کتێب:

١- ئەردەڵان عەبدوڵڵا، ٢٠٠٦، شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا، دەزگای چاچی نیە،مانهایم، ئەڵمانیا.

٢- د.خامۆش عمر عبدالله،٢٠١٧، مافی چارەنووسی هەرێمی کوردستان لە ژێر ڕۆشنایی ئەزموونی ووڵاتاندا،چاپخانەی زانکۆ،هەولێر.

**كتب:**

١- د.بهاالدين مكاوي محمد قيلي، ٢٠٠٦،تسوية النزاعات في السودان،مركز الرصد للدراسات.
٢- د.عبداللطيف فاروق احمد، ، ٢٠١٦، انفصال جنوب السودان و تاثيراتة علي الامن القومي المصري،المكتب العربي للمعارف،القاهرة،مصر.
٣- عادل رضا، ١٩٧٥، الرهان الاسرائيلي علي جنوب السودان، المكتب المصري، القاهرة، مصر.
٤- اماني الطويل،٢٠١٢، السودان من صراع الي صراع، المركز الدولي الدراسات المستقبلية و الاستراتيجية.
٥- أ.د.السيد فليفل،٢٠٠٦، الاصولية المسيحية وأزمة الهوية في السودان، مؤسسة الطوبجي،القاهرة،مصر.
٦- يوسف الشريف،٢٠٠٤، السودان و اهل السودان(اسرار السياسية و خفايا المجتمع)، دارلشروق،القاهرة.
٧- الامام الصادق المهدي،٢٠١٥، الديمقراطية في السودان راجحة و عائدة، ط٣، مكتبة جزيرة الورد، القاهرة.
٨- د.خاموش عمر عبداللة،٢٠١٩،استفتاء تقرير المصير،منشورات زين الحقوقية،بيروت،لبنان.

**بحث:**

١- يمينة لخشين، ٢٠١٣-٢٠١٤،انفصال جنوب السودان-المخاطر و الفرص، رسالة ماجستير، كلية حقوق و العلوم السياسية، جامعة٨٠ماي١٩٤٥،الجزائر.
٢- هاني محمود عبد موسي، ٢٠١٢، ظاهرة العولمة و نشوء دول جديدة: كوسوفو و جنوب السودان نموذجا، كلية الدراسات العليا، جامعة بيرزيت،فلسطين.
٣- د.عدنان عبداللة حمادي، ٢٠١٦، الابعاد الجيبولتيكية لانفصال جنوب السودان والمشكلات الاقليمية و الدولية،مجلة سر من رأي، م١٢،ع٤٥/حزيران/٢٠١٦، جامعة سامراء.
٤- سعيد اسماعيل ندا، ٢٠١٧، الصراع في الجنوب السودان مستقبل التسوية، مركز حرمون الدراسات المعاصرة، قطر.
٥- محمد اسماعيل حسين صالح، ٢٠١٢، الاثار السياسية و لاقتصادية لانفصال جنوب السودان، بحث البكالريوس، كلية الدراسات الاقتصادية و لاجتماعية، جامعة الخرطوم.
٦- صداح أحمد الحباشنة، ٢٠١٣، العلاقات بين دولتي السودان و جنوب السودان، دراسات، العلوم الانسانية و لاجتماعية، م٤٠،ع١.
٧- د. ابو بكر حسن محمد باشا، ٢٠١١، جذور الموقف المصري من المسألة انفصال جنوب السودان و أثر ذلك علي العلاقات المصرية السودانية،مركز البحوث والدراسات الافريقية .
٨- أ.د. ذاكر محي الدين، انفصال جنوب السودان ملامح الموقف الامريكي ومبرراتة، مركز الدراسات الاقليمية.

٩-مركز الكاشف للمتابعة و الدراسات الاستراتيجية،مايس-٢٠١١،التحدي الامريكي-التحدي الصهيوني.
١٠-أ.د.دريد الخطيب و أ.د.محمد أمير الشب ،حزيران٢٠١٢، انفصال جنوب السودان الجذور و التطورات والتداعيات،مجلة جامعة القدس للابحاث و الدراسات،ع27.
١١- أ.د.حمدي عبدالرحمن حسن،بدون سنة، التدخل الدولي في السودان و اثرة عربيا و افريقيا، جامعة القاهرة.
١٢- د. أيمن صلاط، ٢٠١٨، انفصال جنوب السودان الاسباب و التداعيات، مجلة جامعة تشرين للبحوث و الدراسات العلمية،ع(٢٠١٨)٤،مجلد٤٠.
١٣- ابتسام وسطاني، ٢٠١٦، الحركات الانفصالية في شمال غرب المتوسط، رسالة ماجستير، كلية الحقوق العلوم السياسية، جامعة العربي بن نهيدي-ام البواقي، الجزائر.
١٤- سلاماني محمد امزيان، ٢٠١٦، تاثير التجربة التكاملية للاتحاد الاوروبي علي الحركة القومية الكتالونية ما بعد نهاية الحرب الباردة، رسالة ماجستير، كلية الحقوق و العلوم السياسية، جامعة مولود معمري-تيزي وزو، الجزائر.
١٥- امل دومي، ٢٠١٦، الحروب الاهلية في اوروبا خلال القرن ١٩ و ٢٠/الحرب الاهلية الاسبانية نموزجا١٩٣٦-١٩٣٩، رسالة ماجستير، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية ، جامعة محمد بوضياف-المسيلة، الجزائر.
١٦- عمر علي طة، ٢٠١٩، مستقبل الاتحاد الاوروبي في ظل النزعات الانفصالية ، رسالة ماجستير، كلية الحقوق و العلوم السياسية و لادراية، الجامعة اللبنانية.
17- أ.د.حمدى عبدالرحمن حسن،بدون سنة، التدخل الدولى فى السودان و اثره عربيا و افريقيا، جامعة القاهرة.
* بيان مركز كارتر حول الاستفتاء في السودان، ٢٤نوفمبر ٢٠١٠.
* الاتحاد الاوروبي –بعثة مراقبة الانتخابات، التقرير النهائي بشان استفتاء جنوب السودان٢٠١١.
*الدستور السودان ٢٠٠٥.
*اتفاقية السلام الشامل بين حكومة جمهورية السودان و الحركة الشعبية لتحرير السودان-الجيش الشعبي لتحرير السودان/شهر ١ سنة ٢٠٠٥نيروبي – كينيا.
* دستور اسبانيا الصادر عام ١٩٧٨/ شاملا تعديلاتة لغاية عام ٢٠١١.
موقع الكترونى:
١- د. محمد نور البصراتى ، ٢. يناير ٢٠١٧، جنوب السودان : جذور المشكله، وتداعيات الإنفصال، المركز الديمقراگى العربى، https://democraticac.de.
٢- هێمن ئیبراهیم ئەحمەد، Thursday, June 4, 2015، هەموو شتێ دەربارەی باشووری سودان، گۆڤاری کۆچ، http://govarikoch.com.
٣-حنان صبحى عبد الباقى حسن، الٲهميه الجيوستراتيجيه لإقليم كتالونيا من المنڤور الاسبانى ، باحيه بكليه الدراسات العليا الٲفريقيه – جامعه القاهره، https://democraticac.de.
٥- فەرهاد حەسەن عەبدوڵڵا، ٢٠١٧/١٠/٢٩، سەربەخۆی کەتەلۆنیا و هەرێمی کوردستان: لێکۆڵینەوەیەکی بەراودکاری، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، http://www.kurdistanc.com
٦- بریارشیرکۆ بابان، ١٩-٩-٢٠١٧، کەتەلۆنیا و مافی بریاردانی چارەنووس، http://www.penus.krd
٧- احمد رافت، ٢٦-٩-٢٠١٧، قصه إقليم كتالونيا وحلم الاستقلال، https://www.ida2at.com
٨ Welp Yanina, November 2017, Catalonian Referendum: Democracy, Legality and the EU's Role, https://www.researchgate.net
٩-شبكه الجزيره الاعلاميه، ٢٩-١٠-٢٠١٧، محگات الٲزمه الإسبانيه بعد استفتاو كتالونيا، https://www.aljazeera.net

١٠ - Statista Research Department, Aug 25, 2020, Catalan self-determination referendum: results 2017, https://www.statista.com
١١ -Jean-Thomas,1 Mar 2019, 'The People, Year Zero: Secessionism and Citizenship in Scotland and Catalonia, Arrighi, https://doi.org.
١٢- لهۆن نەسرەدین، ٢٧-١٠-٢٠١٧، هەڵویستی وڵاتان لەبارەی راگەیاندنی سەربەخۆیی کەتەلۆنیا، https://www.rudaw.net
١٣- شبكه الجزيره الاعلاميه، ١٩-١٠-٢٠١٧، كتالونيا تهدد بتفعيل الانفصال وإسبانيا تنذر بإخچاعها، https://mubasher.aljazeera.net
١٤- ليلى الپابتى، ٢٧-١٠-٢٠١٧، إسبانيا.. كتالونيا تحتفل ومدريد تتوعّد ومواقف دوليه متباينه (محصله)، https://www.aa.com.
١٥- فهد الريماوى ، ٢٢-١٠-٢٠١٧، مشكله كتالونيا.. الجذور التاريخيه القديمه والاحتمالات المستقبليه القادمه، http://almajd.net
١٦- صونيه مسعودى، 13. فبراير 2018، انفصال جنوب السودان بين التحديات الداخليه والتداعيات الاقليميه، https://democraticac.de.

English

Research

1-Kofos Michael, 2018, AERICAN COVERAGE OF THE CRESIS IN CATALONIA, Plan II Honors Program, The University of Texas at Austin.

2-ONER Selcen, 2019, THE REALATION BETWEEN CATALONIA AND THE EROPEAN UNION AND CATALAN INDEPENDENCE REFERENDUM, MARMARA JOURNAL OF EUROPEAN STUDIES , Volume 27-No: 1.

3-Barica Marta Garcia, 2014, CATALONIA: THE NEW EUROPEAN STATE? , ILSA Journal of International and comparative Law, Vo1.20:3.

4-Moreno, Luis, SCOTLAND AND CATALONIA: THE PATH TO HOME RULE, Scottish Government Yearbook 1988, UNIVERSITY OF EDINBURGH.

5-Colmer Josep M, 2017, The venturous bid for the independence of Catalonia, The Journal of Nationalism and Ethnicity.

6-Calzada Igor, 2-9-2019, Catalonia rescaling Spain: Is it feasible to accommodate its "stateless citizenship", WILEY, DOI: 10.1111/RSP.12240.

## ملخص:

يعد تجربتا جنوب السودان وكتالونيا من التجارب المهمة في عالم البحث عن الذات وترجمة الهوة الفاصلة بين شعبين مختلفين غير قادرين على التأقلم والتواصل في العيش معا في إطار حدود مجتمع سياسي معين، حيث

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

يترجم الشعوب حقوقها في تقرير المصير عبر عملية الاستفتاء التي تعد من أرقى الوسائل للتعبير عن الارادة العامة.

بغض النظر عن نجاح التجربة الاولى في جنوب السودان وفشل الثانية إلا إن هذه الظاهرة لايمكن أن تقييم بالنجاح او الفشل بقدر مايمكن النظر إليه وفق مسيرة هذه التجارب وكافة الظروف المحيطة بها، فالعبرة في إظهار النية والارادة العامة المتكللة بالسلوك السياسي لأغلبية المواطنين القاطنين في تلك المساحة الجغرافية كدليل لوجود مشكلة حقيقية في عدم القدرة على الاندماج وتحطم المشاعر الخاصة بالمواطنة.

إذن التجربتان تعطينا دروسا بأن الارادة الحقيقية للشعوب ممكن أن تكون كامنة وغير قادرة على الظهور للعلن لأن النظام السياسي يرفض الفكرة جملة وتفصيلا في حين هنالك تجارب تظهر للعلن وتجد النور لكنها من المحتمل جدا أن تصطدم بقوى سياسية تفرض ارغامها وتمنعها من التطبيق لهذه الارادة النابعة من أحد الدعامات الاساسية لحقوق الشعوب في تقرير مصيرها بحجج متنوعة منها الوحدة (المصطنعة) أو القوة الموحدة والاندماج الاجتماعي – السياسي (الشكلي) وغيرها..

ولهذا يبقى المقولة السائدة بأن إرادة الشعب تسمو على كل الارادات الاخرى بإعتبارها مصدر السلطة وأساس الطاعة لها وإلا تواجه الدولة معضلة كبيرة تلاحقها بإستمرار فيما يتعلق بالشرعية وأساس بنائها وتصبح بصورة مستمرة أساس للتوترات والتناحرات الداخلية.

# The Nation´S Referendum for Independence (The South of Sudan´S Instance- Catalonia´S Instance) Comparative Political Research

**Asst. Prof. Dr. Sabah Sobhi Hayder**
Department of Political Science, College of Political Science, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
sabahhayder@ymail.com

**Sherwan Hashm Adil**
Department of Political science, College of Political science, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Sherwanhashim1@gmail.com

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


## Abstract:

The experiences of South Sudan and Catalonia are very important experience around the world of self-search and translation of the gap between two different people who are unable to adapt and communicate in living together within the boundaries of a particular political community, where people translate their rights to self-determination through the referendum process, which is considered one of the finest means of expression. on the general will.

Regardless of the success of the first experiment in Southern Sudan and the failure of the second, but this phenomenon cannot be assessed with success or failure as much as it can be viewed according to the course of these experiences and all the circumstances surrounding them. The lesson is to show that the general intention and will crowned by the political behavior of the majority of citizens living in that geographical area as evidence of a real problem with inability to integrate and shattered feelings of citizenship.

So, the two experiences give us lessons that the true will of the peoples may be latent and unable to appear to the public because the political system rejects the idea altogether, while there are experiences that appear to the public and find light, but it is very likely that they clash with political forces that impose their coercion and prevent them from implementing this will stemming from someone the basic pillars of peoples' rights to self-determination under various arguments, including unity (artificial) or unified force, social-political (formal) integration, and others ..

That is why the prevailing saying remains that the will of the people takes precedence over all other will as it is the source of authority and the basis for obedience to it